# ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق لە بارەی پرسی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران کۆدەبێتەوە


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5897) یەک شەممە 22ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە کوتلەکانی پەرلەمانی عێراق لە بارەی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان و پرسی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران کۆببنەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ، ئەگەر کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری نەکرێت، دیسان حکوومەت دەبێتەوە کاربەڕێکەر.

دکتۆر ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتییی ڕاگەیاندووە: هەرچەندە ڕۆژی پێنجشەممە دوا وادەی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، بەڵام بە گوتەی سەرۆککۆماری عێراق هێشتا دەرفەت ماوە، تا ئەمڕۆ یەکشەممە و ڕۆژانی پشوو هەژمار نەکراون، لەو ماوە یاساییەی بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیران هەیە.

لەبارەی گەیشتن بە ڕێککەوتنیش بۆ کاندیدی سەرۆکوەزیران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت: ئێمە نازانین ئەمڕۆ یەکلادەکرێتەوە، یان نا، بەڵام گوایە ئەمڕۆ کاندیدێک دیاری دەکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران.

## هەولێر.. بەردی بناغەی بنکەی بووژاندنەوەی جەستەیی دانرا

6



## یەکێتی کۆنگرەی چوارەمی دەستپێکرد

### کۆسرەت ڕەسوڵ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی یەکێتی هەڵبژێردرا



دوێنێ شەممە 2019/12/21 لە شاری سلێمانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چوارەم کۆنگرەی خۆی ئەنجام دا.

هەر دوێنێ لەیەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا بەزۆرینەی دەنگ، کۆسرەت ڕەسوڵ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی یەکێتی هەڵبژێردرا. لەمبارەیەوە پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو لە سلێمانی ڕایگەیاندووە، لە کۆنگرەکەدا بەزۆرینەی دەنگ، ئەنجوومەنی باڵای سیاسی کۆنگرە هەڵبژێردران کە هەشت ئەندامی ئەنجوومەنەکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێشوون و کۆسرەت ڕەسوول عەلی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە دەکات. هەروەها عەدالەت عەبدوڵا ئەندامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەبارەی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەوە بە ئاژانسی ئەنادولی ڕاگەیاندووە: سێ کەس بەشێوەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە، بە ئەندامی ئەنجوومەنی گشتیی متمانەیان پێدرا کە بریتیین لە هەریەک لە سەرکۆماری عێراق، بەرهەم سالح و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕێواس فایەق و جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، قوباد تالەبانی.

هەروەها سۆزان خالە شەهاب ئەندامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی، بۆ میدیاکانی ئاشکراکرد کە ئەمڕۆ یەکشەممە لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەدا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرێت کە ژمارەیان 121 کەس دەبێت. سۆزان خالە شەهاب ئەوەشی ڕاگەیاندووە: لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا چەند بڕگەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکران.

## یادی پێنج ساڵەی ڕزگارکردنی چیای شنگال

### سەرۆک مسعود بارزانی بەڵێنی دا:

### یان شنگال ڕزگار دەکەین، یان سەری خۆمان لەسەر دادەنێین

ڕۆژی 3ی ئاب 2014تیرۆرستانی گۆڕبەگۆڕی (داعش) هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر شاری شنگال و هۆڤانە کەوتنە گیانی برایانی ئێزدی و هەموو جۆرە تاوانێک کوشتن و پاکتاوی ڕەگەزیی و ئەنفال و کەنیزەکردنی کچ و ژن و کۆیلەکردنی پیاو و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان بەرامبەریان ئەنجامدا. پێشمەرگە و خەڵکی گیانفیدا وەکو هەموجارێک پەنایان بردەوە بەر چیای سەرکەشی شنگال و کەوتنە بەرگریکردنێکی قارەمانانە لە مەزاری شێخ شەرفەدین و نەیانهێش دەستی چەپەڵی تیرۆرستانی (داعش) بگاتە چیای شنگال و مەزاری شێخ شەرفەدین. **(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)**

## ئێزدییەکان لە کەشێکی ئارامدا لە کوردستان جەژنیان گێڕا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2019/12/20 ئێزدییەکان لە سەرتاسەری دونیا جەژنی ڕۆژووی ئێزیدیان گێڕا. بەرپرسێکی ئێزیدیش دەڵێت: جەژن لە کەشیکی ئارامدا بەڕێوەچوو، و ئێزدییەکان خۆشحاڵیان دەربڕی و هیوایان خواست ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێنەوە و دووبارە خەڵک بگەڕێنەوە ناوچەکانیان. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

### دوای تەواوبوونی ڕاپۆرتی سەرجەم لیژنەکان

## پرۆژەیاسای چاکسازی ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێت

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی کرد و سیفەتی بەپەلەی پێ دا و ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، کاری لیژنەکان بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت و دەمانەوێت لە کورتترین ماوەدا پرۆژەیاسای چاکسازی ببێت بەیاسا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

## دەستەیەکی نوێ بۆ دەستپاکی دیاری دەکرێت و یاساکەشی هەموار دەکرێتەوە

جێگری سەرۆکی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، بڕیارە دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی دەستپاکی دیاری بکرێت، چونکە دەستەکە بەسەرچووە و جگە لەوەش، بڕیارە یاسای دەستپاکی هەموار بکرێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان هەڵمەتی چاندنی (بەڕوو) بەڕێوەچوو

لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و قەزاکانی پێنجوێن و سۆران و چەند ناوچەیەکی دیکە هەڵمەتی ناشتنی بەڕوو بۆ ماوەی دوو هەفتەیە دەستی پێکردووە. بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا نزیکەی 30 هەزار بەڕوو چێنراون. داربەڕوو یەکێکە لەو ڕووەکانەی یارمەتیدەرێکی گەورەی پاک ڕاگرتنی ژینگە دەدات و بەرگەی بێ ئاوی زۆر دەگرێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



## عێراق.. ئاگر لە ژمارەیەک نووسینگەی حزبی و حکوومی لە زیقار بەردرا

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە ژمارەیەک نووسینگەی حزبی و حکوومی لە شاری ناسیریە ناوەندی پارێزگای زیقار بەرداوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## هاوکارمان ئەحمەد حاجی مەولود کۆچی دوایی کرد

ئێوارەی پێنج شەممە 19ی کانوونی یەکەمی 2019، هاوکارمان ئەحمەد حاجی مەولود نووسەرو وەرگێڕ لە زمانی فارسییەوە، بەنەخۆشییەکی کتوپڕ لە نەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. شایەنی باسە، خوالێخۆشبوو سالانێکە لە ڕۆژنامەی خەبات بەتایبەتی لە بەشی هەزرو هونەر کاری دەکردو بابەتی هزری و فەلسەفی لە زمانی فارسییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی.

## لوبنان.. حەسان دیاب بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاسپێردرا

سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون، وەزیری پێشووی پەروەردە و خوێندنی باڵا، حەسان دیابی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاسپارد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

## ئەڵمانیا: لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا کاردەکەین بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا

وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی کار لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا دەکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک تا لەڕێگەیەوە سزای ئابووری بەسەر تورکیا بسەپێنن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی جەژنی ڕۆژووی ئێزی لە خوشک و برا ئێزدییەکان دەکات

# کوردستان وڵاتی برایەتی و پێکەوەژیانە



سەرۆک بارزانی، بە بۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئێزی، پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزدی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان دەکات و رایدەگەیەنێت، هیوادارم ئەو جەژنە، شادی و ئارامی و بەختەوەریی بۆ خوشک و برا ئێزدییەکانمان بهێنێت و کۆتایی بە ئازار و مەینەتییەکانیان بێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

بەبۆنەی هاتنەوەی «جەژنی ڕۆژووی ئێزی» گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزدی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان دەکەم.

هیوادارم ئەو جەژنە، شادی و ئارامی و بەختەوەریی بۆ خوشک و برا ئێزدییەکانمان بهێنێت و کۆتایی بە ئازار و مەینەتییەکانیان بێت.

کوردستان وڵاتی برایەتی و پێکەوەژیانە و، پاراستنی ئەو تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیانە ئەرکێکی پیرۆزە و درێخی لێ ناکەین.

جەژنتان پیرۆز و، ئومێد دەکەم هەمیشە جەژنەکانتان لە خۆشی و ئاشتیدا بکەنەوە.

**مسعود بارزانی**
**2019/12/19**

بارەگای بارزانی:

## هەواڵی گیانلەدەستدانی فەرهاد و ئازاد خوسرەوی زۆر ناخەهەژێن بوو

بارەگای بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە و تێیدا سەرەخۆشی لە کەسوکاری فەرهاد و ئازاد خوسرەوی و خەڵکی گوندی نێ دەکات. دوێنێ شەمە 2019/12/21 بارەگای بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: هەواڵی گیانلەدەستدانی هەردوو نەوجەوانی کۆڵبەر، (فەرهاد خوسرەوی) و (ئازاد خوسرەوی) زۆر ناخەهەژێن بوو. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

هەواڵی گیانلەدەستدانی هەردوو نەوجەوانی کۆڵبەر، "فەرهاد خوسرەوی" و "ئازاد خوسرەوی" زۆر ناخەهەژێن بوو.

سەرەخۆشیی لە خانەوادە و کەسوکاری هەر دوو جوانەمەرگ و خەڵکی خۆشەویستی گوندی "نێ" و دەڤەری مەریوان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین.

هیواخوازین چیتر کارەساتی وا دڵتەزێن دووبارە نەبێتەوە و خوشک و براکانمان لە ئازار و نەهامەتی دوور بن.

**بارەگای بارزانی**
**2019/12/21**

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی (جەژنا ڕۆژێێن ئێزی)

## حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە داکۆکیکردن لە مافەکانی خوشک و برا ئێزدییەکانمان



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی جەژنی (ڕۆژێێن ئێزی)، پیرۆزبایی لە خوشک و برا ئێزدییەکان دەکات و رایدەگەیەنێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی خوشک و برا ئێزدییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان لە ژێر سایەی ئەو بەیەکەوە ژیانە ئایینی و نەتەوەییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**دەقی پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەت:**

جەژنی (ڕۆژێێن ئێزی) لە گشت خوشک و برا ئێزدییەکان پیرۆز دەکەم. هیوادارم ئەم جەژنە لە کەشێکی ئارام و پڕ لە شادیدا بەسەر ببەن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی خوشک و برا ئێزدییەکانمان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان لە ژێر سایەی ئەو بەیەکەوە ژیانە ئاینیی و نەتەوەییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. هەموو هەوڵێکیش دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی خوشک و برا ئێزدییە ئاوارەکان بەسەربەرزی بگەڕێنەوە شوێنەکانیان و خزمەتێکی شایستەیان بکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**19ی کانونی یەکەم 2019**

# خۆشناو: دوای تەواوبوونی ڕاپۆرتی سەرجەم لێژنەکان پرۆژەیاسای چاکسازی ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێت



ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو، پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی کرد و سیفەتی بەپەلەی پێ دا و ڕەوانەی لێژنە پەیوەندیدارەکان کرا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، کاری لێژنەکان بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت و دەمانەوێت لە کورتترین ماوەدا پرۆژەیاسای چاکسازی ببێت بەیاسا.

لەبارەی کاری لێژنەکان و هەنگاوی داهاتووی پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە، ئومێد خۆشناو، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی کرا و سیفەتی بەپەلەی پێ درا و ئاراستەی لێژنە پەیوەندیدارەکان کرا، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و کارەکانی باش دەڕوات، هیچ خەمساردییەک لە هیچ لێژنەیەک هەستی پێ نەکراوە، دوای تەواوبوونی ڕاپۆرتی سەرجەم لێژنەکان، ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێت و ئینجا سەرۆکایەتیی پەرلەمان وادەی کۆبوونەوەی داهاتوو دیاری دەکات بۆ خوێندنەوەی دووەم.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕاشیگەیاندووە: ڕێکاری پەیڕەوی ناوخۆ وایە، سیفەتی بەپەلە بە هەر پرۆژەیاسایەک بدرێت، دەبێت لە ماوەی هەفتەیەکی کارکردندا لێژنەکان کارەکانیان تەواو بکەن، چاوەڕێ دەکەین لە کاتێکی نزیکدا کاری لێژنەکان تەواو بێت و خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاساکە بکرێت، هەرچەندە هەندێک لە لێژنە کارەکانیان تەواو کردووە، بەڵام ئەو لێژنانەی کارەکانیان زیاترە وەکو لێژنەی دارایی، پێویستیان بە کاتی زیاترە. خۆشناو گوتیشی: لە /2020 1/1 دەچینە پشووی زستانەی پەرلەمان کە دوو مانگە، بەڵام ڕێکاری پەیڕەوی هەیە دەتوانین پشووەکە کورت بکەینەوە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر کارەکانی پرۆژەیاسای چاکسازی تەواو نەبێت و ئەو وادەیەی کە پێویستمان پێ بێت هەوڵ دەدەین پشووەکە کورت بکەینەوە تا پرۆژەیاسای چاکسازی تەواو دەبێت.

خۆشناو دەشڵێت وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیارین لە کورترین ماوەدا ئەو پرۆژەیاسایە ببێت بەیاسا و، ئومێد دەکەین هەموو لایەنەکان هاوکار بین.

شایانی باسە ڕۆژی چوارشەمە 2019/12/11 حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆیدا بە کۆی دەنگ پرۆژەیاسای چاکسازیی پەسەند کرد، کە لە هەشت بەش و 19 ماددە پێکهاتووە، ڕۆژی پێنجشەمە 2019/12/12 پرۆژەکەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد و هەفتەی ڕابردووش ڕۆژی دووشەمە 2019/12/16 پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

## دوو برا لە شارۆچکەی مەریوان سەر بە پارێزگای کوردستان لە ئێران، ڕەقبوونەوە



دوو برا لە شارۆچکەی مەریوان سەربە پارێزگای کوردستان لە ئێران، ڕەقبوونەوە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی کرێکارانی ئێران (ئیلنا)، دوو برا کە کاری کۆڵبەرییان لەسەر سنووری نێوان عێراق/ ئێران کردووە، بەناوەکانی ئازاد خوسرەویی تەمەن 24 ساڵ و فەرهاد خوسرەویی تەمەن 14 ساڵ، بەر لە چوار ڕۆژ ڕەقبوونەتەوە و گیانیان لەدەستداوە. تەرمی ئازاد خوسرەویی هەمان ڕۆژ و تەرمی فەرهاد خوسرەویی کە بچووکترین کۆڵبەرە، ڕۆژی هەینی لە بەرزاییەکانی ملەی تەتەی هەورامانی مەریوان لەژێر بەفردا دۆزرایەوە.

ئەو کەسانەی لە میانی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی فەرهاد خوسرەوییدا کۆبوونەوە، بە چەندان دروشم کاردانەوەیان بەرامبەر دەسەلاتدارانی وڵاتەکەیان نیشاندا.

## سیستانی داوای «هەڵبژاردنی پێشوەخت» دەکات

مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق، عەلی سیستانی داوای کرد بۆ ڕزگاربوون لەو کێشانەی عێراق تێیکەوتووە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت. نوێنەری سیستانی لە کەربەلا، عەبدولمەهدی کەربەلایی، دوای گوتاری هەینی "گوتاری سیاسیی" سیستانی خوێندەوە. سیستانی لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە ڕفاندن و کوشتنی خۆپیشاندەران کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەوشی عێراق سەختە و مایەی نیگەرانییە.

عەلی سیستانی ڕەخنەی لەوە گرتووە کە وێڕای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی هێشتا کابینەی نوێی حکوومەت پێکنەهێنداوە و نووسیوویەتی: بۆ ڕزگاربوونی لە کێشەکانی ئێستا، بەرگرتن لە ئاژاوە و جەنگی ناوخۆ لە وڵات دەبێت کۆمیسیاری سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە یاسایەکی بەهێزی هەڵبژاردنەوە بچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختە. سیستانی تیشکیشی خستۆتە سەر ئەوەی کە پێویستە ئەو حکوومەتەی دەستبەکار دەبێت "جدی" بێت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پاراستنی سەروەری عێراق. هەروەها مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق داوای لە حکوومەتیش کردووە بە شێوەیەکی دوور لە چەک و دەستوەردانی دەرەکی هەوڵ بدات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە.

# بە ئامادەبوونی نوێنەری حکوومەتی هەرێم، لێژنەی نیشتمانی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش و یۆنیتاد کۆبوونەوەی دووەمی لە بەغدا ئەنجامدا



ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو کۆبوونەوەی دووەمی لێژنەی نیشتمانی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یۆنیتاد) سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک وەزیران و ئامادەبوونی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگا ئەمنی و ئیداریە پەیوەندیدارەکان و (کەریم ئەحمەد ئەسعەد خان) سەرۆکی تیمی ناوبراو بەسترا. لەم بارەوە د. دیندار زێباری نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە لێژنەی نیشتمانی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یۆنیتاد) گوتی: تیمەکە بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە 2379ی ساڵی 2017 بە سەرۆکایەتیی کەریم ئەحمەد خان، ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە بە مەبەستی بەدیکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش، تیمی ناوبراو لە107 پسپۆڕ و شارەزای نێودەوڵەتی پێکهاتووە و دەستی بە کارەکانی کردووە. لەلایەکی دیکەوە بڕیار وایە تیمێکی لێکۆڵەرانی عێراقی دابمەزرێت بۆ یارمەتیدانی (یۆنیتاد) لە کارەکانی لێکۆڵینەوە و لەسەر ئاستی حکوومەتی هەرێمیش لێژنەی لاوەکی دامەزراوە دوای دەستنیشانکردنی لێژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ مەبەستی پاڵپشتی لە ئەرکەکانی تیمی یۆنیتاد بەشێوەیەکی پرۆفیشنالی و کارا.

لە لایەکی دیکەوە دیندار زێباری تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەم ڕووەوە و گوتی: حکوومەتی هەرێم هەنگاوی زۆری ناوە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی دەستی داعش وەک پێشوازی کردن و حەوانەوەی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی ئێزیدییەکان کە ڕووبەڕووی ڕەفتاری نامرۆڤانە بوونەتەوە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، و لەم ڕووەوە چەند لێژنەیەکی داناوە لەوانە لێژنەیەکی تایبەتی لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە ڕێکەوتی 2014/11/25 بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی ئەو کەسانەی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕفێنردراون، بە مەبەستی ئازادکردنیان و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان و دووبارە شیاندنەوەیان و لەم ڕووەوە تا ڕێکەوتی تا ڕۆژی 2019/12/10 ژمارەی ڕزگار کراوەکان بڕیتی بوو لە 3528 کەس، لەوانە 1199 ئافرەت،339 پیاو، 1040 منداڵی کچ، 950 منداڵی کوڕ و تا ئێستاش 2889یان ئازاد نەکراون لەوانە1309 مێ، 1580 نێر، هەروەها زیاتر لە 2000 ڕزگاربووی دیکە نێردراون بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەر کردن بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکوومەتی ئەڵمانیا و حکوومەتی هەرێم.

لە کۆتاییدا دیندار زێباری نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە لێژنەی نیشتمانی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یۆنیتاد) ئاماژەی بە لایەنی یاسایی بۆ یارمەتیدانی قوربانیان داعش دا ووتی: لە ڕووی یاساییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری زۆری ڕزگارکراوانی دەستی داعشی کردووە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری 5170ی لە ڕۆژی 2014/8/21 بۆ پێکهێنانی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، هەروەها دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە چارەسەرکردن ولێژنەیەکی تایبەت بە دیکیۆمنت کردنی تاوانەکانی داعش دامەزراوە و تا ئێستا 2600 کەیسی ڕفێندراوانی ئێزیدی، کریستیان، شەبەک و تورکمان تەواو بووە و زیاتر لە 3000 کەیس لە لێکۆڵینەوەدایە و لەڕووی دەروونی و یاساییەوە1278 ئافرەت لە سەنتەری ڕاوێژکاری پارێزگای دهۆک چارەسەر کراون، بۆیە پێویستە تیمی یۆنیتاد ئەو هەوڵانەی حکوومەتی هەرێم لەبەرچاو بگرێت و سوود لەو داتایانە وەربگرێت لە ئەنجامدانی کارەکانیان.

# نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی پێشوازی لە بەرپرس و کارگێڕان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوانی سنووری لقی دوو دەکات



رۆژی پێنج شەممە 2019/12/19
نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە بەرپرس و کارگێڕ و ئەندامانی لق بەرپرسی ناوچە نووسینگەو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوانی سنووری لقی دووی پارتی کرد.
سەرەتا بەڕێز تەها بەرواری بەڕێوەبەری نووسینگەی جێگری سەرۆک، بە ناوی ڕێزدار جێگری سەرۆکی پارتی بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزانی لقی دووی کرد و سڵاو و ڕێزی جێگری سەرۆکی پێ ڕاگەیاندن و سوپاسی ڕۆڵ و کار و چالاکییە بەردەوامەکانی لقی دووی کرد بۆ گەیاندن و سەرخستنی بەرنامە و نەهجی نیشتمانییانەی پارتی و خزمەتکردنی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.
لە تەوەرێکی دیکەدا تیشکی خستە سەر دوا گۆڕانکاریە سیاسی و ئەمنیەکانی عێراق و ناوچەکە و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکان و هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان بۆ یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێک، لە چوارچێوەی هەوڵی بەردەوامی سەرۆکایەتی هەرێم وەک چەتر و کۆکەرەوەی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان.
بەڕێز ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆشحاڵیی خۆی و هەڤاڵانی دەربڕی بۆ ئەو پێشوازی و دیدارە و سوپاسگوزاری پێشکەش بە ڕێزدار جێگری سەرۆک و نووسینگەکەی کرد بۆ ئەو پشتیوانیە بەردەوامەی پێشکەش بە لقەکەیان کردووە.
بەڕێزی باسی لە کار و چالاکیەکانیان لە سنووری لقی دووداو کرد، لەگەڵ میکانیزمەکانی زیاتر بەهێزکردنی ئۆرگانەکانی حیزب و کاری پارتایەتی و هاوکاریکردن لە سەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و دامودەزگا فەرمیەکاندا خۆی دەبینێتەوە.
لە دانیشتنەکەدا جەخت لەسەر ئەو جۆرە دیدارانە کرایەوە لە نێوان نووسینگەی جێگری سەرۆک و ئۆرگانەکانی پارتیدا بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕا و هەماهەنگیی زیاتر.

## پەیامە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی یا جەژنا ڕۆژی ییێن ئێزی

# هیڤیدارم ئەڤ جەژنە ب خێر و خۆشی بسەر ئێزدییان و هەمی گەلێ کوردستانێدا ڤەگەڕیت



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئێزی، پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزیدی لە کوردستان و هەر شوێنێکی جیهان دەکات و ڕایدەگەیەنێت هیڤیدارم ئەڤ جەژنە ب خێر و خۆشی بسەر ئێزدییان و هەمی گەلێ کوردستانێدا ڤەگەڕیت و ئارامی و تەناهیێ دگەل خۆ بینیت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
جەژنا ڕۆژی ییێن ئێزی ل هەموو خوشک و برایێن ئێزدی ل کوردستانێ و ل هەر دەرەکا جیهانێ بن پیرۆز دکەم، هیڤیدارم ئەڤ جەژنە ب خێر و خۆشی بسەر ئێزدییان و هەمی گەلێ کوردستانێدا ڤەگەڕیت و ئارامی و تەناهیێ دگەل خۆ بینیت.
سلاڤ و پیرۆزباهییێن جەژنێ بتایبەتی ژبۆ مالبات و کەسوکارێن قوربانی ییێن جینۆسایدا ئێزدییان و ب ڕێز و شکۆداری، وان هەمیان ب بیر تینین. هیڤیدارم جەژن و بیرهاتنێن بهێن ژبۆ ئێزدییان و هەمی گەلێ کوردستانێ د ڕەوشێن باشتردا ڤەگەڕن و کوردستانی هەرتم دبن سها پێکڤەژیانێ و لێبوهرینێ و ئارامییدا پێشوازیا جەژن و بیرهاتنێن خۆ بکەن.
دوبارە جەژن ل هەمیا پیرۆز بیت، هەر سال ب خێر و شاهی.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ**
**2019/12/19**

# سەعید هەرکی: دەستەیەکی نوێ بۆ دەستپاکی دیاری دەکرێتەوە

جێگری سەرۆکی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، بڕیارە دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی دەستپاکی دیاری بکرێت، چونکە دەستەکە بەسەرچووە و جگە لەوەش، بڕیارە یاسای دەستپاکی هەموار بکرێتەوە. سەعید هەرکی، جێگری سەرۆکی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان، مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بڕیار وایە کە دەستەیەکی نوێی بۆ دروست بکرێت، چونکە دەستەکە بەسەر چووە و پێویستی بەوە هەیە کە دەستەیەکی نوێ دیاری بکرێت و ئەو یاسایەی هەیە کەموکوڕیی هەیە و پێویستە ئەویش کە لە پەرلەمانە، هەموار بکرێتەوە و دەسەڵاتی زیاتری پێ بدرێت بۆ ئەوەی دەستکراوەتر بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەندەڵی بێت، بەڵام دیار نییە دەستەی دەستپاکی ئەم جارە بۆچ حیزبێک بێت.
سەعید هەرکی گوتیشی: لە هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانداا 5 برگەی سەرەکی هەموار دەکرێتەوە و دادگایەکی سەربەخۆ بۆ دەستپاکی دادەنرێت، بۆ ڕاییکردنی کەیسەکان، چونکە ئەوانەی ئێستا هەن دادوەرەکان، کۆمەڵێک ئەرکیان لەسەر شانە و پێویستە دادگای تازە، تایبەت بێ بە دەستپاکی و ژمارەی لێکۆڵەرەوەکان کەمن و پێویستە زیاد بکرێن و لە برگەیەکی دیکەدا دەستەی دەستپاکی دەستی زیاتر والا بێت بۆ ئەوەی نووسینگەی دیکە بکاتەوە و کاری باشتر بکەن و دوو خاڵی دیکەش هەن، بۆیە ئەمە وادەکات باشتر ڕووبەڕوو گەندەڵی ببنەوە. بەپێی یاسا پێویستە بە چوار ساڵ گۆڕانکاری لە دەستەی دەستپاکی بکرێت و ئێستا لە بۆشاییی یاسایی دایە و پێویستە دەستەیەکی نوێ دیاری بکرێت.

# عێراق.. ئاگر لە ژمارەیەک نووسینگەی حزبی و حکوومی لە زیقار بەردرا



سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە ژمارەیەک نووسینگەی حزبی و حکوومی لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار بەرداوە.
لەوبارەوە ئەفسەرێک لە پۆلیسی زیقار بە پلەی ملازم ڕایگەیاندووە: دەیان خۆپیشاندەر لە شەقەکانی شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار، ئاگریان لە بارەگای حزبی دەعوە بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی و بارەگای ڕێککخراوی بەدر بەسەرۆکایەتی هادی عامری و بارەگای عەسائیبی ئەهلی حەق بەسەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی و بارەگای فەوجی ئەرکە تایبەتییەکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆ و نووسینگەی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگاکە، جەبار موسەویان بەرداوە.
بە گوتەی سەرچاوەکە، ڕووداوەکە جگە لەزیانی مادەی، زیانی گیانی بەدواوە نەبووە و ئاماژەی بەوەشکرد کە خۆپیشاندەران وەک تۆڵەسەندنەوە لە کوشتنی چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکان، ئاگریان لەو نووسینگە حزبی و حکوومیانە بەرداوە. ئەمە دووەمجارە کە لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا، ئاگر لە نووسینگە و بارەگا حزبی و حکوومییەکاندا بەر دەدرێت.
جێی باسە ڕۆژی هەینی، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی شەهیدی عێراق هاوڵاتیان لە شاری ناسریە ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە کۆژرا.
هەروەها لای خۆیەوە سوپای عێراق ڕایگەیاند کە دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو، خۆپیشاندەران ئاگریان لە ژمارەیەک بارەگای حزبی و حکوومی لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار بەردا، بەڵام لەئێستادا ڕەوشی ئەمنی شارەکە سەقامگیرە. سەبارەت بە ڕەوشی ئەمنی شاری ناسریە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕافیدین، لیوا ڕوکن جەبار تائی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاندووە کە لەئێستادا ڕەوشی ئەمنی شارەکە سەقامگیرە و سەرجەم پردەکان لە ناسریە بە ڕووی هاتوچۆدا کراونەتەوە. لیوا ڕوکن جەبار تائی ئاماژەی بەوەش کردووە کە هاوکارییەکی باش لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا هەیە و باسی لەوەشکرد، ئەو بارەگا حزبی و حکوومییانەی کە شەوی ڕابردوو لە شاری ناسریە سووتێنران لە ئەنجامی کۆشتنی چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکان بووە.
جێی باسە بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دەکات سنووریک بۆ کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان دابنێت.
لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی لیژنەی شانەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکات سنووریک بۆ کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان دابنێت.
لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی لیژنەی شانەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەقیل موسەویی کۆبوویەوە.
بەپێی ڕاگەیەنراوێکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە میانی ڕۆژانی ڕابردوودا، موسەویی قەیرانەکان تایبەت بە خۆپیشاندانەکان، یاسین یاسری و سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، بەرهەم سالح لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێت کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو ئەو وادەیە کۆتاییهات.

## هاوپەیمانی سوننەکانی عێراق:

# دەنگ بە سەرۆکوەزیرانی «حزبی» نادەین

هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق (هاوپەیمانێکی سوننەکان) ڕایگەیاند، دەنگ بە کاندیدێکی سەرۆکوەزیران نادەن کە حزبی بێت، سەربەخۆ نەبێت و ڕەنگدانەوەی داوا و خواستی خۆپیشاندەران نەبێت. سەرکردە لە هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق، ڕەعد دەهلکی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، هاوپەیمانیەکەیان دەنگ بە هیچ کاندیدێکی سەرۆکوەزیران نادات یان پاڵپشتی ناکات ئەگەر سەربەخۆ نەبێت و سەر بە لایەنە سیاسییەکان بێت.
ڕەعد دەهلکی ڕاشیگەیاند، هەوڵەکانی کاندیدکردنی کەسانی حزبی و بازدان بەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکان دیاریان کردووە، سووکایەتیە بە هەستی خۆپیشاندەران و ڕێزنەگرتنە لە ئیرادەیان. دەهلکی ئاماژەی بەوەش کردووە، هاوپەیمانی هێزە سوننەکان هیچ ناو و کەسایەتییەک بۆ سەرۆکوەزیران ناسەپێنێت و هێڵی سووری لەسەر هیچ کەسایەتی و لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییانە لەبەرچاو دەگرێت کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دیاریکراوە و ئەوەش وەک پێوەر دادەنرێت بۆ پاڵپشتی کردنی هەر کاندیدێک.
هاوپەیمانی هێزە سوننەکان کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی سەرۆکایەتی دەکرێت، خاوەنی 40 کورسییە لە کۆی 329 کورسی ئەنجوومەنەکە.
بەهۆی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق و لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق، عەلی سیستانی سەرەتای ئەم مانگە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دەستیلەکارکێشایەوە. لە ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدییەوە، بەپێی دەستوور پێویستبوو سەرکۆمار، بەرهەم سالح لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێت کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو ئەو وادەیە کۆتاییهات.

# عێراق.. داوای دانانی سنووریک بۆ کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانان دەکرێت

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکات سنووریک بۆ کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان دابنێت.
لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی لیژنەی شانەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەقیل موسەویی کۆبوویەوە.
بەپێی ڕاگەیەنراوێکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە میانی ڕۆژانی ڕابردوودا، موسەویی قەیرانەکان تایبەت بە خۆپیشاندانەکان، یاسین یاسری و سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، بەرهەم سالح لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێت کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو ئەو وادەیە کۆتاییهات.
بەپرسیارێتیی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرانی خستووەتە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان و جەختی لە پێویستیی دەستبەرکردنی ئاسایشی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە کردووەتەوە بەجۆرێک دەستەبەری سەلامەتی خۆپیشاندەران و ئازادیی ڕادەربڕینیان بکات.
بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ داوای لە وەزیری ناوخۆ کردووە، سنووریک بۆ کوشتن و ڕفاندنی چالاکوانان دابنێت و بەسزا بگەیەنرێن.
موسەویی هەروەها جەختی لە پێویستیی دەستبەجێ ئاشکراکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکان و تاوانەکانی دژی خۆپیشاندەران، کردووەتەوە.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/22 ژمارە (5897)
خەبات



عێراق

# کۆکردنەوەی واژوو بۆ دوورخستنەوەی سەرکۆمار

ئەندامی فراکسیۆنی سادیقون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عودەی عەواد رایگەیاند کە فراکسیۆنەکەی واژووی ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەمەبەستی دروخستنەوەی سەرکۆمار، بەرهەم ئەحمەد سالح لە پۆستەکەی بەهۆی ئەوەی سوێندی یاسایی شکاندووە، کۆکردووەتەوە.
فراکسیۆنی سادیقون بالّی سیاسی گرووپی عەسائبی ئەهلی حەقە بەسەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی کە بەنزیک لە ئێران ناسراوە.
ئەمەش لە کاتێکدایە لە مادەی 61ی دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوەکراوە، ئەنجوومەنی نوێنەران کاتێک بە زۆرینەی دەنگ سەرکۆمار لە پۆستەکەی دوور دەخاتەوە کە لایەن دادگای باڵای فیدراڵەوە بە شکاندنی سوێندی یاسایی، پێشێلکردنی دەستوور یان ناپاکی گەورە تۆمەتبار بکرێت.
لە راگەیەندراوێکدا، عودەی عەواد گوتوویەتی: سەرکۆمار سوێندنی یاسایی شکاندووە و ڕێزی لە کاتەکانی دەستوور نەگرتووە سەبارەت بە دەست نیشانکردنی کەسێک بۆ سەرۆکوەزیران، ئەرکی سەرەکی سەرکۆمار ئەوەیە شکۆی دەستوور بپارێزێت.
ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی سادیقون ئەوەشی گوتووە: فراکسیۆنەکەمان واژووی ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی سەرکۆمار لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە بە هۆی ئەوەی سوێندنی یاسایی شکاندووە و، هەروەها لە پارێزگاریکردن لە دەستوور گوڕاوە بۆ پارێزگاریکردن لە پشکپکشێنە. بەهۆی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق و لەسەر داوای مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق، عەلی سیستانی سەرەتای ئەم مانگە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دەستێلەکارکێشایەوە. لە ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدییەوە، بەپێی دەستوور پێویستبوو سەرکۆمار، بەرهەم سالح لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت رابسپێرێت کە ڕۆژی دووشەممەی رابردوو ئەو وادەیە کۆتاییهات.
بەڵام سەرکۆمار، بەرهەم ئەحمەد سالح ڕاسپاردنی کەسێکی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی داهاتوو بۆ ئەمڕۆ یەکشەممە دواخست بەهۆی ئەوەی هێشتا هێزە سیاسییەکان و خۆپیشاندەران لەسەر کاندیکردنی کەسێک بۆ سەرۆکوەزیران نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن.

# کوردێک بەشداری لە دانانی پلانی ستراتیژیی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی جیهان دەکات



**نیویورک- تایبەت بە خەبات**

لەسەر داوای دامەزراوەی نێودەوڵەتی ئاینەکان لەپێناو ئاشتی "RFP" کەسایەتیەکی کورد بەشداری لەگفتوگۆ و کارەکانی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە گرنگەی کرد کە 250 کەسایەتی گرنگ و شارەزا لە بواری ئیدارەدانی کاروباری ئاینەکان و یاساناس و چالاکوانانی مافی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت و ژینگەپارێزان و کەسایەتییە سیاسییەکان لە 90 دەوڵەتی جیهان بەشداریان تێدا کرد و پلانی ستراتیژیان بۆ 5 ساڵی داهاتوو داڕشت بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی جیهان کە تایبەتە بە ژیان و ئایندەی مرۆڤایەتی.
مەریوان نەقشبەندی کە نزیکەی 25 ساڵە لە ڕۆژنامەی "خەبات"ی ئێستا کاردەکات و ئەزموونێکی فراوانی میدیایی و پەیوەندیە جەماوەری و ئاینییە نێودەوڵەتییەکانی هەیە، لەسەر داوای ئەنجومەنی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی "ئاینەکان لەپێناو ئاشتی" لە ڕۆژانی 11 تا 13ی ئەم مانگە لەشاری نیویورک بەبەشداری بەرپرسان و باڵێوزی چەندین وڵات لە نەتەوەیەکگرتوەکان بەشداری لەگفتوگۆ و پلانی ستراتیژی5 ساڵی داهاتووی ئەم دامەزراوە گرنگەی جیهان کرد و توانی دۆسێی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی ئاینی و دیموکراسیەت و بەشداری ئافرەت لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بخاتە ناو ئەجێندای کارەکان و دواتریش بۆچوون و بەشداریەکانی بە ستایشەوە وەربگیرێت و لەنامەیەکدا لەئەمینداری گشتی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەوە بۆ مەریوان نەقشبەندی داوای لێدەکەن لە جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکان لەم5 ساڵەی داهاتوو هاوبەش و بەشداریان بێت.
شایانی باسە مەریوان نەقشبەندی جگە لەشارەزاییی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی "یەکێکە لەکەسایەتییە چالاکەکانی بواری ئاشتی و پێکەوەژیان و ئازادی ئاینی لە هەرێمی کوردستان و نزیکەی 15 ساڵ وتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ئێستاش بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی ئەو وەزارەتەیە و تۆڕێکی پەیوەندی جەماوەری و ئاینی عێراقی و نێودەوڵەتی فراوانی لەسەرتاسەری جیهان دروست کردووە بۆ ناساندنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کورد و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهان.

# عێراق.. هێزێکی ئەمەریکی سەرکردەیەکی حەشدی هۆزەکان دەستگیر دەکات

هێزێکی ئەمەریکیی لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە لە ڕێگەی دابەزینی ئاسمانیی ئەنجامیدا، سەرکردەیەکی حەشدی هۆزەکانی دەستگیرکرد. ئەفسەرێک بە پلەی موقەدەم لە پۆلیسی ئەنبار ڕایگەیاندووە "هێزێکی ئەمەریکیی لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە لە ڕێگەی دابەزینی ئاسمانیی لە ناوچەی جەبە سەر بە ناحیەیەی بەغدادی ئەنجامیدا، لە میانیدا سەرکردەیەکی لە حەشدی هۆزەکان بەناوی بەسیر عوبێدی لەناو مالەکەی خۆیدا دەستگیرکرد". ئەفسەرەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنەکە بەیانی هەینی ئەنجامدراوە و دوای ئەوە دێت کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا بنکەی ئاسمانیی عەین ئەسەد بە موشەک کرایە ئامانج، و ئەمەش بەهۆی گومانی تێوەگلانی بووە بەو کارە. جێی ئامازەیە، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا پێنج مووشەک لە بنکەی عەین ئەسەد کە دەهێن، کەوتەخوارەوە.

مافی مرۆڤ:

# لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە زیاتر لە 485 کەس کوژراون و 27 هەزار کەسی دیکەش بریندارببوون



کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق ڕایگەیاند، لەوەتەی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی عێراق دەستیپێکردووە، 485 کەس کوژراون و 27 هەزار کەسی دیکەش بریندارببوون. دوێنێ شەممە عەلی بەیاتی ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە، ژمارەی کوژراوان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق گەیشتووەتە 485 کەس و ژمارەی بریندارانیش گەیشتووەتە زیاتر 27 هەزار کەس.
ئەندامەکەی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق ئاماژەی بەوەش کردووە، هەر لە یەکی تشرینی یەکەمەوە دوو هەزار و 807 کەس دەستگیرکراون، بەڵام جگە لە 107 کەسیان هەمووییان ئازادکراون. عەلی بەیاتی ڕاشیگەیاندووە: لەو کاتەوەی خۆپیشاندان دەستیپێکردووە 48 کەس لە خۆپێشاندەران و چالاکڤانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنراون.

# باکووری کوردستان... لەکارلادانی سەرۆک شارەوانییەکی دیکەی هەدەپە لە ئامەد

ڕۆژی هەینی ڕابردوو پۆلیسی شارۆچکەی سووری سەر بە ئامەد، هەڵیکوتایە سەر "فەهیمە فیلیز بولوتتەکین" سەرۆکی شارەوانیی ناوچەی سوور و دەستگیری کرد، دوێنێ شەممەش دەسەلاتدارانی تورک لە شوێنی فەهیمە فیلیز، قایقامی سوور کرایە سەرۆک شارەوانی.
جێی باسە ناوچەی سوور گەورەترین ناوچەی ئامەدە، فەهیمە فیلیز و دوو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی برانە بەردەم دادوەر و دادوەریش بڕیاری دا دەستگیر بکرێن تا ڕۆژی دادگاییکردنیان، بەڵام جارێ "فەهیمە فیلیز" تۆمەتی بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، کەچی دوێنێ شەممە لە پۆستی سەرۆکی شارەوانیی ناوچەی سوور دوور خرایەوە.



# سعوودیە هێزێکی بۆ پاراستنی پسپۆرەکانی ڕەوانەی سووریا دەکات

## دەیان سەربازی سعوودی گەیشتنە کێڵگەی نەوتی عومەر کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هەسەدە دایە



دەیان سەربازی سعوودی گەیشتنە کێڵگەی نەوتی عومەر کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هەسەدە دایە، دوای گەیشتنی ئەو سەربازانەش کە پسپۆڕانی سعوودی دەپارێزن، نزیکەی 30 بارهەڵگر کە پێداویستی هەڵکەندنی بیرە نەوتیان بارکردبوو لە سنووری عێراقەوە گەیشتنە کێڵگەکە. جێی باسە لە 13ی کانوونی یەکەمدا، تێکڕا 15پسپۆڕی سەرچاوە ناوخۆییەکانی دیرازۆرەوە دەستکەوتووە، دەیان سەربازی سعوودی گەیشتوونەتە گەورەترین کێڵگەی نەوتی سووریا، کێڵگەی عومەر. ئەرکی ئەو سەربازانەش پاراستنی ئەو ئەندازیار و تەکنیککارانەی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سعوودیە، ئارامکۆی سعوودیە کە هەفتەی ڕابردوو گەیشتنە کێڵگەکە. سەربازە سعوودیەکان لە شوێنەکانی مانەوەی "گوندی شین" نیشتەجێ بوون کە لەناو کێڵگەکەدایە. پاش گەیشتنی سەربازەکان، نزیکەی30 بارهەڵگر کە پێداویستی هەڵکەندنی بیرە نەوتیان بارکردبوو لە سنووری عێراقەوە گەیشتنە کێڵگەکە.
میسری و سعوودی بەمەبەستی ڕاهێنان بە کارمەندانی ناوخی و کاری شیکاری، بە یاوەری هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتنە کێڵگەی عومەر. پێش جەنگی ناوخۆی سووریا، لە کێڵگەی عومەر کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکان دایە ڕۆژانە 75 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهات.

# ستۆکهۆڵم.. ناوەندێکی پشتگیری لە خۆپیشاندەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیەندرا



**سوید- ساسان دەروێش**

بە مەبەستی پاڵپشتیکردن لە خۆپیشاندەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و رووداو و ناڕەزایەتییەکان و ئیدانەکردنی تووندوتیژیی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و برینی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و شاردنەوەی ئاماری قوربانییەکان لە لایەن حکومەتی ئێران، گرووپێکی چالاکوانی کورد لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بەشێوەیەکی فەرمی بنکەیەکی پشتگیریان کردەوە بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی خۆپیشاندەران بە کۆمەڵگەی سویدی.

کەمپینەکە لەژێر شەکانەوەی ئالای کوردستان و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی بەکارەکانی کرد و پەیامی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ناڕەزاییەکان و زانیاری بەشێوەی نووسراو و بە زمانی سویدی و ئینگلیزی سەبارەت بە خۆپیشاندان و هۆکاری ناڕەزاییەکانی ڕۆژهەڵات بە کۆمەڵگەی سویدی گەیاند. لەگەڵ نیشاندانی پێشانگەی وێنەی شەهیدانی ڕۆژهەڵات لە خۆپیشاندەران و نیشاندانی فیلمێکی ڕووداوەکان. کامەران قازی نووسەر و چاودێری سیاسی و چالاکوان بۆ خەبات گوتی: دەمەوێ پێش ئەوەی باسی چالاکییەکەمان و ئامانجەکانی بکەم، بگەڕێمەوە بۆ کاتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە تین و گرێکی تایبەت هاتە ناو لەشی زۆرینەی خەڵکی کورد بۆ هاتنەدی خەونە گەورەکەمان لە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، ئەم چالاکییەشمان بە ئەرکی خۆمانزانی پاڵپشتی لە خۆپیشاندەران بکەین و دەنگ و ڕەنگی ئەوان بین لە نێو کۆمەڵگەکانی بیانی، ئێمە پێمانوایە بەم چالاکییەمان ئامانجێکی نەتەوەیی کورد و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کوردمان نیشانی کۆمەڵگەی سویدی دا و لێرەشەوە دەکرێت سوپاسی هەموو بەشداربووان بکەین کە دوور لە ئایدیای حزبی و ڕەنگ بەشداربوون و پاڵپشتی خۆیان بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان راگەیاند.



## هۆڵەندا.. بێستوونی مام ڕەزا پێشمەرگە گەنجەکەی شەڕی خواکورک کۆچی دوایی کرد

**ساسان دەروێش- هۆڵەندا:**

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنێ شەمە 21ی کانوونی یەکەمی 2019 کۆچی دوایی بێستوون مام ڕەزا، پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند کە ماوەیەک بوو دووچاری نەخۆشی ببوو. بە گوێرەی زانیارییەکان نێستا تەرمی کۆچکردوو لە وڵاتی هۆڵەندایە و لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی سەرقاڵی ڕێکاری یاساییە بە مەبەستی گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و بەخاکسپاردنی لە شاری سلێمانی.

بێستوون ڕەزا حەمەئەمین ناسراو بە بێستوون مام ڕەزا لە دایکبووی سالی1967 لە شاری سلێمانییە و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا چاوی هەڵهێناوە، لە سالی1983 پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی پارتی لەناو شاری سلێمانی و لە سالی 1985 بووەتە پێشمەرگە و وەک گەنجێکی تازەپێگەیشتوو بەشداری لە زۆرێک لە شەڕەکانی سنوورەکەی کردووە و لە سالی 1988 یشدا بەشداری شەڕی بەناوبانگی خواکورکی کردووە کە بە بچووکترین پێشمەرگە لەنێو ئەرشیفی وێنەکاندا دەبینرێت، لە سالی1993 لە هۆڵەندا نیشتەجێ بووە و دوا پلەشی بەرپرسی ڕێکخراوی شاری ئارنهیم بووە.

# ئەمەریکا... تەرمپ واژووی لەسەر گەورەترین بوودجەی سەربازیی لە مێژووی ئەمەریکادا کرد

# ماڵپەڕە تورکییەکان: گوشاری کۆنگرێس زاڵ بوو بەسەر تەرمپ بۆیە واژۆی لەسەر سزادانی تورکیا کرد



سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد تەرمپ بەر لەوەی بۆ بەسەربردنی پشووی سەری ساڵ بەرەو ویلایەتی فلۆریدا بەڕێبکەوێت، لە میانەی مەراسیمێکی تایبەتدا لە فڕۆکەخانەی جۆینت ئەندروس واژووی لەسەر پڕۆژەیاسای بوودجەی سەربازیی ئەمەریکا بۆ ساڵی 2020 کرد کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لە کۆنگرێس پەسەند کرابوو. تەرمپ لە گوتەیەکدا باسی لەوە کرد کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا، هەموو ساڵێک بوودجەی وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) زیادکراوە و ئەمساڵیش بڕی 738 ملیار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە کە ئەمە لە مێژووی ئەمەریکادا بێوێنەیە. تەرمپ جەختیشی لە دامەزراندنی فەرماندەیی ئەمەریکا تایبەت بە بۆشایی ئاسمان کرد و شانازی بەوەشەوە کرد کە ئەم هەنگاوە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا ئەنجامدراوە. هەروەها پێشنیازی دابینکردنی100 فڕۆکەی ئێف 35ی نوێ،150 کۆپتەری سەربازیی، چوار ژێردەریایی جۆری ڤێرجینیا و کەشتییەکی جەنگی و گەورەترین زیادکردنی مووچەی کارمەندانی سەربازی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کراوە.

لە پڕۆژەیاسای بوودجەی ئەمەریکا بۆ ساڵی نوێ، چەند بەندێکی تایبەت بە سزا خستنە سەر تورکیا هەیە کە بریتین لە: ڕادەستنەکردنی فڕۆکەکانی ئێف 35 بە حکوومەتی ئەنقەرە، بەهۆی بەردەوامبوونی تورکیا لە کاروبارەکانی کڕینی سیستمی بەرگری ئێس 400ی ڕووسی. ئاماژە بەوەشدراوە کە پێویستە "پەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئەمەریکا لە ڕێی سزا خستنە سەرەوە" تورکیا بخرێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەی کە ئەمەریکا سزای بەسەردا سەپاندوون. هەروەها لە بەندی تایبەت بە "پڕۆگرامەکانی بەهاوچەرخ کردن لە چوارچێوەی ستراتیجی بەرگری نیشتمانیدا" باس لەوە کراوە کە سندوقێکی440 ملیار دۆلاری تەرخانکراوە بۆ کڕینی ئەو فڕۆکانەی ئەنقەرە داوایکردوون جەخت لەوەش کراوەتەوە کە پێویستە تورکیا لە پڕۆگرامی فڕۆکەی ئێف35 دەربهێندرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ماڵپەڕەکانی (سۆڵ، سۆزجو و جومهوریەت)ی تورکی باڵوبیان کردووەتەوە، ئەگەرچی تەرمپ لەگەڵ ئەوەدا نەبووە سزای تورکیا بدرێت، بەڵام فشاری کۆنگرێس زاڵ بوو بەسەریدا و واژۆی لەسەر سزادانی تورکیا کرد. هەر لە یاسای بودجەی 2020ی بەرگریی ئەمەریکادا هاتووە، کە پێویست دەکات سزای ئابووریش بەسەر تورکیادا بسەپێنرێت و تەرمپیش لەسەر ئەو خاڵە هیچ ناکۆکییەکی نەبووە و ڤیتۆی نەکردووە.



## تەلەڤزیۆنی سووریا: لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشکراوەتە سەر دامەزراوە نەوتی و گازە سرووشتییەکان

تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی سووریا بانگەشەی ئەوەیکرد لە یەک کاتدا لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشکراوەتە سەر پالاوگەیەکی نەوت و دوو دامەزراوەی گازی سرووشتی سووریا لە پارێزگای حومس. باس لەوەشکراوە بەهۆی هێرشەکەوە ئاگر لە پالاوگەکەی نەوت کەوتووەتەوە و دوای ماوەیەکی کەم ئاگرەکە دامرکێندراوەتەوە.وەزارەتی نەوتی ڕژێمی سووریا'ش ئاماژەی بەوە داوە کە بەهۆی هێرشەکانەوە یەکەکانی بەرهەمهێنانی ئەو دامەزراوانە زیانیان بەرکەوتووە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاگرانە دەدەن کە لەو دامەزراوانە کەوتوونەتەوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانی هێرشەکان ڕانەگەیاندووە.

# ئەڵمانیا: لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا کاردەکەین بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی کار لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا دەکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک تا لەڕێگەیەوە سزای ئابووری بەسەر تورکیا بسەپێنن. وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئەنجرید کرامپ کارنپاوەر داواکاری وڵاتەکەی لە تورکیا دووپات کردەوە بۆ ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی و سەروەری وڵاتانی دراوسێی. وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لەمیانی سەردانێکیدا بۆ نیکۆسیای پایتەختی قوبرس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ تورکیا ڕێز لە دیپلۆماسییێتی دراوسێیەتی بگرێت سەبارەت بە خواستەکانی بۆ گەڕان و دۆزینەوەی وزە لە دەریای سپی ناوەڕاست.

کارنپاوەر، لەمیانی سەردانێکی بۆ کەشتییەکی جەنگیی ئەڵمانیا لە بەرامبەر کەناراوەکانی قوبرس و چاوپێکەوتنی بە هاوتا قوبرسییەکەی، سافاس ئەنجیلیدیس، جەختی لەسەر پاڵپشتیی وڵاتەکەی و یەکێتیی ئەورووپا بۆ یۆنان و قوبرس کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێککەوتننامەی سنووریی کە لەنێوان تورکیا و حکوومەتی سازان لە لیبیا، واژۆ کراوە.

# لوبنان.. حەسان دیاب بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاسپێردرا

## فراکسیۆنی پێکگەیشتنی دیموکراتی: حکوومەتی داهاتوو ناتوانێت خواست و داواکارییەکانی گەلی لوبنان جێبەجێ بکات



سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون، وەزیری پێشووی پەروەردە و خوێندنی باڵا، حەسان دیابی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاسپارد. ئاژانسی هەواڵی فەرمی لوبنان باڵاوی کردووەتەوە، سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو، حەسان دیاب بە مەبەستی وەرگرتنی نامەی پێکهێنانی حکوومەت، گەیشتە سەرۆکایەتی کۆمار. بانگهێشتی حەسان دیاب بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دوای گفتوگۆ و ڕاوێژەکانی میشێل عەون دێت کە ڕۆژی پێنجشەمە دوور لە چاوی میدیاکان بەڕێوەچوو.

بەپێی ئاژانسەکە، حەسان دیاب لە کۆی 128 دەنگ، 69 دەنگ و نەواف سەلام 13 دەنگ و حەلیمە قەعقور تەنها یەک دەنگی بەدەستهێناوە، هاوکات چەند کەسێکیش ڕەتیان کردووەتەوە دەنگ بە هیچ کاندیدێک بدەن. پێشتریش ئاژانسەکانی هەواڵی لۆکاڵی لوبنان باڵاویان کردبووەوە، ژمارەیەک فراکسیۆن لە پەرلەمانی لوبنان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ ڕاسپاردنی حەسەن دیاب بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان.

لە کاردانەوەیەکیشدا فراکسیۆنی "پێکگەیشتنی دیموکراتی" لە ئەنجوومەنی نوێنەران لوبنان بەسەرۆکایەتی وەلید جونبلاط ڕایگەیاند کە لە کابینەی حکوومەتی داهاتوو بەسەرۆکایەتی حەسان دیاب بەشداری ناکات. فراکسیۆنی "پێکگەیشتنی دیموکراتی" کە لە کۆی128 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران خاوەن نۆ کورسییە ڕاگەیاندراوێکی باڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە لە ڕاوێژەکانی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی داهاتوو بەشداری ناکەن و هیوا سەرکەوتن بۆ سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو، حەسان دیاب دەخوازن.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: لەگەڵ ڕێزمان بۆ دەستوور و سازکردنی ڕاوێژەکان لە حەرەمی ئەنجوومەنی نوێنەران، ڕایدەگەیەنین کە لە کابینەی حکوومەتی داهاتوو بەشداری ناکەین، چونکە وای دەبینین کە حکوومەتی داهاتوو نەتوانێت خواست و داواکارییەکانی گەلی لوبنان جێبەجێ بکات.

هەروەها لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی و پێکدادانی نێوان سوپا و لایەنگرانی سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەر، سەعد حەریری لە ڕۆژئاوای شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان، ژمارەیەک سەرباز برینداربوون. ئاژانسێکی هەواڵیش ڕایگەیاندووە، بەهۆی هەوڵی هێزەکانی سوپا بۆ باڵاوەپێکردنی لایەنگرانی سەعد حەریری لە ناوچەی کۆرنیش لە ڕۆژئاوای بەیروت، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە. ئاماژەی بەوەشکرد کە لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، خۆپیشاندەران هێزەکانی سوپایان بەرد باران کردووە و لەبەرامبەردا سوپا گازی فرمێسکڕێژی بەکارهێناوە.

جێی باسە لە 17ی مانگی ڕابردووەوە خۆپیشاندان دژبە پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاووڵاتیان لە پڕۆژەیاسای بوودجەی 2020 لە لوبنان، ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەهۆی خۆپیشاندانەکانیشەوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری لە 29ی مانگی ڕابردوودا دەستی لەکارکێشایەوە. ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووش سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون، وەزیری پێشووی پەروەردە و خوێندنی باڵا، حەسان دیابی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاسپاردبوو.

# 53 پاڵاوگەی نایاسایی لە پارێزگای دهۆک داخران



شەوی ڕابردوو هێزێکی تایبەتی لە ناوچەی کاشێی دهۆک جێگیر کرا و بۆ بەیانییەکەی ڕێگە نەدرا هیچ پاڵاوگەیەکی نەوت کار بکات، بەڕێوەبەری پاراستن و چاککردنی ژینگەی دهۆکیش دەڵێ، هەموو پاڵاوگەکان داخراون، تەنیا یەک پاڵاوگە کاری کردووە و بڕیارەکە بۆ پاراستنی ژیانی هاوواڵتیانە.

محەمەد تاهر، بەڕێوەبەری پاراستن و چاککردنی ژینگەی دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێشتر بڕیار بوو هەموو پاڵاوگە نایاساییەکان داببڕێن و مەرجی نوێش بۆ پاڵاوگەکانی مۆڵەتیان هەیە، دەبڕێت، بەڵام دوای ئەوەی ناڕەزایەتیی زۆری لێکەوتەوە بەهۆی پیسبوونی ژینگەی شارەکەوە شەوی ڕابردوو هێزێکی تایبەت لە ناوچەی کاشێی دهۆک جێگیر کراوە و ڕۆژی پێنجشەممە ڕێگە نەدرا هیچ پاڵاوگەیەک کار بکات.

بەڕێوەبەری پاراستن و چاککردنی ژینگەی دهۆک گوتیشی: ئەو هێزە سەر بە حکوومەتە و بە فەرمانی حکوومەتە هاتوونەتە ناوچەی کاشێ بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە کارکردنی ئەو پاڵاوگانەی بە نایاسایی کار دەکەن و بوونەتە سەرچاوەی پیسی و بڵاوکردنەوەی نەخۆشی بۆ هاوواڵتیانی دهۆک.

تاهر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێمە سەردانی دەفەری کاشێمان کرد و جگە لە یەک پاڵاوگە، هیچ پاڵاوگەیەک کاری نەدەکرد و هەموویان داخراون، هێزە تایبەتەکەی حکوومەتیش لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، تەنیا ڕێگەیان داوە حەوت پاڵاوگە کار بکەن و ئەوانی تر هەموویان دادەخرێن، بەڵام ئەو حەوتەش دەبێت بە مەرجەکانی حکوومەت کار بکەن.

## گوڵاڵە... سێ برا لە لایەن ئامۆزایەکیان دەکوژرێن

بەیانی ڕۆژی هەینی 20/12/2019 لە ناحیەی گوڵاڵە سێ برا کوژران بەهۆی ئەوەی ئاماده نەبوون خوشکەکەیان بدەن بە ئامۆزایەکیان. یەعقوب لهیبی، بەڕێوەبەری ناحیەی گوڵاڵەی سەر بەخانەقین بەکوردستان 24ی ڕاگەیاند: ماوەیەکە ئەو کەسەی سێ براکەی کوشتوە داوای کچێکی ئامۆزای دەکات، ئەوانیش بەو داوایە قایل نەبوون. ڕاشیگەیاند، بەیانی بەیانی ڕۆژی هەینی 20/12/2019 بووەتە شەڕیان و بەو هۆیەوە سێ برای کچەکە لەلایەن ئامۆزاکەیانەوە دەکوژرێن و بکوژەکەش بەسەختی بریندار بووە.

# هەولێر.. بەردی بناغەی بنکەی بووژاندنەوەی جەستەیی دانرا



**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:**

لە هەولێر لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێم و ژمارەیەک لە وەزیرەکان و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرو جێگری سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورو ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتی تەندروستی بەردی بناغەی بنکەی بووژاندنەوەی جەستەیی دانرا. لە وتەیەکدا ڕۆبێرتۆ دڕێن ڕوونیکردەوە: بنکەی بووژاندنەوەی جەستەیی بڕیار وایە لەماوەی 20مانگدا تەواو بکرێت و ژمارەیەک خزمەتگوزاری گرنگ و پێویست پێشکەش بە و کەسانە دەکات کە کێشەی جەستەیی و فیزیکییان هەیە، بە پێی ئەو ئامارەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نزیکەی نیوەی دانیشتووانی عێراق پێویستیان بە خزمەتگوزاری جەستەیی هەیەو تەنها لە کوردستان نزیکەی 35هەزار کەس لە ڕووی جەستەییەوە خاوەن پێداویستی تایبەتن و پێویستیان بە چاودێری گونجاویش هەیەو لەو ژمارەیەش نزیکەی 10هەزار کەسیان لە شاری هەولێرن و لەو بنکەیە دەتوانن بە شێوازێکی تازە پێشەنگ بین لە چارەسەرکردن و پێشوازی کردن لە نەخۆشان و خزمەت کردنیان بە تایبەتی ئەو منداڵانەی کە دووچاری نەخۆشی ئیفلیج بوونی مێشکیان هەیە.

دواتر لە وتەیەکدا دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێم ڕوونیکردەوە: دیارە ئەو پڕۆژەیە زۆر گرنگ و ستراتیژیە لە ڕووی تەندروستیەوە بۆ تۆڕێی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە تایبەتی بۆ ئەو چین و تۆێژانەی کە لەسااڵنی ڕابردوودا تووشی کەمئەندامی بوون، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ تیرۆریستان تووشی ئیفلیجی و کەمئەندامی بوون، ئەوا دەتوانن لەو بنکەیە سوودێکی بەرچاو وەرگرن. هەروەها گوتی: کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەماوەی سااڵنی ڕابردوودا خزمەتێکی گەورەی ئەو بوارەیان کردووە لە ڕووی ڕاهێنان و دابینکردنی داوودەرمان و ئەمبۆاڵنس و دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان و پەنابەران و ئاوارەکان. پاشان لە وتەیەکدا دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر ڕوونیکردەوە: پێویستە هەموولایەک خزمەتگوزاریەکان بۆ کەمئەندامان دابین بکەن لەبەر ئەوەی لەو جەنگەی کە لەماوەی سااڵنی ڕابردوودا ڕووبەڕووبوونەوەی بۆتەوەو ژمارەیەکی زۆری خەڵک دووچاری کەمئەندامی بوون و پێویستیان بەم جۆرە سەنتەرانە هەیە. ئومێدەوارم بەردەوام بن لە سەر دابینکردنی پێداویستی و دەستەبەرکردنی ئامێرو کەلوپەل بۆ باڵەخانەکە تاوەکو باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خاوەن پێداویستی تایبەت بکات وەک پەلی دەستکردو کورسی چەرخدارو ئامڕازەکانی جوواڵە و خزمەتگوزاری پێی چەماوە. شایانی باسە ئەو بنکەیە بە بڕی زیاتر لە 5ملیۆن 218هەزارو 752دۆالردروست دەکرێت و لەسەردەتای مانگی تەمموزی ساڵی 2021تەواو دەکرێت.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی مەولود**

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووس و ئەدەبدۆست (ئەحمەد حاجی مەولود)مان پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی مەولود، لە ڕۆژنامەی(خەبات) ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە خزمەتکردنی هونەر و ئەدەبی کوردی. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەی و خزم و دۆست و نوسەران و ڕۆژنامەی(خەبات) دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

***

**بۆ خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبێت ئەحمەد حاجی مەولود**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەرو کارمەندی ڕۆژنامەکەمان (ئەحمەد حاجی مەولود)مان پێگەیشت. خوالێخۆشبێت ڕۆلێکی بەرچاو و دیاری لە خزمەتکردنی ڕۆژنامەکەماندا هەبوو، چ وەک نووسینی بابەت یان وەرگێڕان بەتایبەتی لە لاپەڕەی هزرو هونەردا.

بە ناوی سەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و نوسەران دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئەو کۆستەتان دەزانین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبێت بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

خەبات

## سوپاس و پێزانین

بە ناوی بنەماڵەی مەلا ئەحمەد پیرخدری شاهۆیی سوپاس و قەدرزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین، کە ئەرکیان کێشاو بەشداریی پرسەکەیان کردین لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی و ئایینی، لە خوای گەورە داواکارین ئەجری خێری هەموو لایەک بداتەوە.

**لە جیاتی بنەماڵە**

**نازەنین مەلا ئەحمەد**

# ئێزدییەکان لە کەشێکی ئارامدا لە کوردستان جەژنیان گێڕا



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2019/12/20 ئێزدییەکان لە سەرتاسەری دونیا جەژنی ڕۆژووی ئێزیان گێڕا. بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییان لە پارێزگایی دهۆک، جەعفەر سمۆ بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: جەژن لە کەشیکی ئارامدا بەڕێوەچوو، و ئێزدییەکان خۆشحاڵیان دەربڕی و هیوایان خواست ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و دووبارە خەڵک بگەڕێتەوە ناوچەکانیان.

هەمیشە کوردستان مەڵبەندی پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوەکان بووە و سەرۆک بارزانی چەندینجار جەختیکردووەتەوە دەبێت هەمووان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان ئازاد بن لە کوردستاندا. جەژنەکە چەندین ڕێوڕەسمی تایبەتی هەیە، کە هەموشیان بە سروشتەوە گرێدراون، ئەم جەژنە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە یەکەم هەینی لە کانوونی یەکەم بە دونیا، زۆربەیان لە کوردستان و عێراقن و دواتر لە ئەڵمانیا و ڕووسیا و ئەرمینا و جۆرجیا و سووریاش ژمارەیەکی گەورە بوونیان هەیە. ئێزدی، زمانیان کوردییە و بە کرمانجی قسە دەکەن و هەژمارەی ڕۆژهەڵاتی ئێزدییان، کەواتە سێ شەممە و چوار شەممە و پێنج شەممە بە ڕۆژو دەبن و هەینی دەبێتە جەژن. بە پێی ئامارە نافەرمییەکان ئێزدییەکان نزیکەی یەک ملیۆن کەسن لە پەرستگایان لە کوردستانە و جلوبەرگیشیان کوردین، بە گوتەی ئێزدییان 74جار ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی کراون.

ڕێورەسمی جەژنی ڕووژی ئێزی ئەمانەن: ئێوارانی جەژن ئێزدییەکان، نانسەوک بەسەر یەکتری دا دابەش دەکەن، بۆ ئەوەی نانیان تێکەڵی یەکتری بێت بۆ پێتەوکردنی پەیوەندییەکانیان و ئافرەتان سەردانی گۆڕستان دەکەن و خێر بە هەژاران دەکەن، ئێواران مۆم و چرا لەسەر مەزارگەکان هەڵدەکرێن و بەیانی واتە ڕۆژی جەژن هەموو پیاوان لە شوێنێک کۆدەبنەوە و هەموو کێشەکان چارەدەکەن و باسی ئۆل و ئەدەب و فەلسەفەی ئێزدییاتی دەکەن.

# وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەنگۆی بەرزبوونەوەی نرخی غاز ڕەتدەکاتەوە




لە ڕوونکردنەوەیەکدا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەنگۆیەک لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی غاز ڕەتدەکاتەوە ڕایدەگەیەنێت نرخی غاز جێگیرە و زیاد ناکرێت. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە:

سااڵنە لە ڕێگای کۆمپانیای (دانا گاز)ەوە و بە پێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەتی هەرێم، زیادکردنی نرخی غاز جێگیرە و زیاد ناکرێت. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە:

ئاشکرا دەکرێت بۆ فرۆشتنی گازی ماڵان. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە حکوومەتی هەرێم و بە تایبەتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، پابەندن بەوەی ئەو بڕە گازەی دیاریکراوە بۆ پێداویستی هاووڵاتییان، بەو نرخەی کە حکوومەت دیاریکردووە بە هاووڵاتیان بفرۆشرێت. ئەمە جیا لە سەپاندنی چەند مەرجێکی ترکە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە بە سەر ئەو کۆمپانیایانەی بەشداری زیادکردنی ئاشکرا دەکەن. بۆیە هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە ئەو پڕۆپاگەندانەی باس لە زیادکردنی نرخی غاز دەکەن، دوورن لە ڕاستییەوەو هیچ بنەمایەکیان نییە.

# بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی تازەی هەولێر دەستبەکاربوو



**خەبات- فاتیح بەرزنجی:**

بەئامادەبوونی هەریەکە لە دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێم و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێم ڕوونیکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دامودەزگا تەندروستیەکان لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تازەی هەولێر دەستبەکاربوو. لە وتەیەکدا وەزیری تەندروستی هەرێم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەموو کاتێک پاڵپشت بە وەزارەتی تەندروستی لەهەموو کاتێکدا توانیویەتی خزمەت بە گشت دانیشتوانی سنوری شاری هەولێر بکات و زۆرترین خزمەتگوزاری پێبکەش بە هاووڵاتیان بکات، دەست بەکاربوونی بەڕێوەبەری گشتی تازەی هەولێریش هەوەکو هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دیکەی تەندروستی خزمەت بە هاووڵاتیان دەکات و ئێمەش پاڵپشتی تەواوی لێ دەکەین و پیرۆزبایی گەرمی لێ دەکەین.

دواتر لە وتەیەکدا پارێزگاری هەولێر پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەری گشتی تازەی هەولێرکردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکە تازەکەی و پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ دووپات کردەوەدواتر وەزیری تەندروستی سوپاسگوزاری دکتۆر چەتۆی کرد کە لەو ماوەیەدا توانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەرکی خۆی وەک بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەوەکالەت ڕاپەڕاندووە.

# کەلار... لە ڕووداوێکی هاتووچۆوە سێ کەس برینداربوون



**خەبات- سەبریە یوسف:** لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل برینداربوونی سێ کەسی لێکەوتەوە. لەوبارەوە، نەقیب کارزان مەجید ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە 2019/12/20 لەگەڕەکی بەردەسوری شاری کەلار، دووئۆتۆمبیل لەجۆرەکانی هۆندا و مان بارهەڵگر پێکیاندادا و بەو هۆیەوە شۆفێر و دوو سەرنشینی هۆنداکە برینداربوون.

ئەوەشی خستەڕوو: پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوەو بریندارەکان بۆ چارەسەر ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار کراو لە کەلار کراو دۆسیەی ڕووداوەکەش لەلایەن پۆلیسەوە کرایەوە.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/22 ژمارە (5897)

## لەچوارچێوەی کارو بەرنامەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

# 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاونیشتیمانیانی کەم دەرامەت دروستدەکرێت

ڕاپۆرت: سەید فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەچوارچێوەی کارو بەرنامەی حکوومەتی هەرێم، کە دانراوە بڕیار وایە لەبەرنامەی تازەی حکوومەتی هەرێم 9 هەزار پرۆژەی یەکەی نیشتەجێکردن تەواو بکرێن و 3 هەزار یەکەی نیشتەجێکردنی نوێ ئەنجام بدرێن ئەو هەنگاوەش لە پێناو خزمەت گەیاندنە بە خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین. دەربارەی وردەکاری زیاتری ئەو پرۆژەیە ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ڕوونیکردەوە:



ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن گوتی: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وێڕای ئەنجامدانی پرۆژەکانی ڕێگاوبان لە چوارچێوەی کارو بەرنامەی تازەی حکوومەتی هەرێم گرنگیدانە بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ئەویش لە چوارچێوەی پلانی چوارساڵەی وەزارەت کە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردووە بریتییە لە دوو قۆناغ و قۆناغی یەکەم بریتییە لە تەواوکردنی پرۆژە وەستاوەکان و قۆناغەکەی دیکەیش بریتییە لە دروستکردنی پرۆژەی نوێ، لە ئێستاشدا 3 هەزار یەکەی نیشتەجێکردنمان لە بواری جێبەجێ کردندایەو بەشێک لە وانە وەستاون بۆیە کەتەنها خزمەتگوزاریان ماوە تەواو بکرێن ئەو هەنگاوەش یەکێک دەبێت لە کارە گرنگ و لە پێشینەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و چاوەڕوانی بودجە دەکەین بۆ ئەوەی پرۆژەکان تەواو بکەین و زۆر خۆشحاڵین کە قۆناغی یەکەمی دواماں لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کردووە بۆ تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەو پرۆژانەی کە کاریان تیاوەستاوە جگە لەو 9 هەزار یەکەیەش بڕیاروایە لەماوەی ئەو چوارساڵەدا 3 هەزار یەکەی دیکەی نوێ دروست بکەین و واتا هەموو پرۆژەکان خۆی لە نزیکەی 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دەدات بە پرۆژەی تەواو نەکراو و پرۆژەی نوێ، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی پرۆژەکان تەواو بکەین.

دواتر ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن باسی ئەوەشی کردو گوتی: ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن هەوڵی ئەوەش دەدەین کە ئەو پرۆژانەی ئەو بودجەیە کە تەرخانکرابوو کارەکان دەستیان پێ کردۆتەوەو تیمەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو بەڵێندەرانەی کە ئەو پرۆژانەیان لەلایە کار لە پرۆژەکان دەکەن و لەو قۆناغەدا نزیکەی 5 ملیار تەرخانکراوە بۆ تەواو کردنی خزمەتگوزاری ئەو یەکانەو دوای تەواو بوونی کاربۆ دابەشکردنی یەکەکان بە شێوەیەکی عادیلانە دەبێت

شایانی باسە پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن لەساڵی 2011 لە پەرلەمانی کوردستان بەیاسای ژمارە 7ی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت دەرچوو بڕیار وابوو ساڵانە 250 ملیار بۆ دروستکردنی 5 هەزار یەکەی نیشتەجێکردن تەرخان بکرێت بەڵام لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایی نەتوانرا کارەکان تەواو بکرێن و دیارە ئەوپرۆسەیەی یەکەی نیشتەجێکردن ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە هاوسەردارن و داهاتیان کەم و سنووردارەو هەموو هاوڵاتیەک دەگرێتەوە بەو مەرجەی دانیشتووی ئەو شارە بێت و لە پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبووبێت و هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی بەناو نەبێت و لە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی وەبەرهێنانیش سوودمەند نەبووبێت و ئەو هاوڵاتیانەی کە سوودمەند دەبن لەو یەکانە بەبێ پێشەکی و بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەیەک یەکەیەکەی پێ دەدرێت و ڕێگەش نادرێت تا 10 ساڵ ئەو یەکانە بفرۆشرێنەوە.

## بەئامانجی سەوزکردن و پاراستنی ژینگەی کوردستان

# لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان هەڵمەتی چاندنی (بەڕوو) بەڕێوەچوو

ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری-هەڵەبجە

لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و قەزاکانی پێنجوێن و سۆران و چەند ناوچەیەکی دیکە هەڵمەتی ناشتنی بەڕوو بۆ ماوەی دوو هەفتەیە دەستی پێکردووە. بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا نزیکەی 30 هەزار بەڕوو چێنراون. بەوتەی شارەزایانی باخداری کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک باشترین مانگە بۆ چاندنی بەڕوو. داربەڕوو یەکێکە لەو ڕووەکانەی یارمەتیدەرێکی گەورەی پاک ڕاگرتنی ژینگە دەدات و بەرگەی بێ ئاوی زۆر دەگرێت. هەروەها داری بەڕوو ڕێگر دەبێت لە ڕاماڵینی خاک لە ناوچە شاخاوییەکان.


ئەحسەن حمە کەریم، سەرپەرشتیاری گروپی شاخەوانی هەورامان بە(خەبات)ی گوت" گروپەکەیان لە ماوەی دوو هەفتەدا 8000 هەزار بەڕووی لە شاخەکانی هەورامان چاندووە". گوتیشی" هەڵمەتەکە بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم 3000 هەزار بەڕوویان چاندووە و قۆناغی دووەمیش 5000 هەزار". ئەوەشی گوت" ئامانج لە هەڵمەتکە سەوزکردن و جوانترکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و پاک ڕاگرتنیەتی". باسی لەوەشکرد چاندنی بەڕوو بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو دەیان ساڵە هاوڵاتیانی باشووری کوردستان بەڕوو لەم کاتەدا چاندووە.



سەرپەرشتیاری گروپی شاخەوانی هەورامان هەروەها گوتیشی" لە هەڵمەتدا چەندین کەس لە هەردوو ڕەگەز بەشداریان تێدا کردووە". ئاماژەی بەوەشدا لە داهاتوودا گروپەکەیان پلانی دیکەی بۆ سەوزکردنی سروشتی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەحسەن حمە کەریم داواشدەکات هەموان دەستیان لە پاک ڕاگرتن و سەوزکردنی سروشتی کوردستاندا هەبێت.

سالار بیارەیی، یەکێکە لە ئەندامانی ئەو گروپەی کە 8000 هەزار بەڕوویان لە شاخەکانی هەورامان چاندووە. ئەو دەڵێ" ئەو بەڕووانەی کە چێنراون هی سەرجەمیان هی داربەڕووەکانی هەورامانن". گوتیشی" لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکە چەند هاوڵاتی پەیوەندی بە ئێمەوە کردووە تا بەشدارین لە چاندنی بەڕوو، هەر ئەمەش وایکرد کارەکە فراوان ببێت و چەندین کەس بە خۆبەشداری بەشداری هەڵمەتی چاندنی بەڕوو بکەن". دەشڵێت" هەڵمەتەکە سەرەتا لە شاخەکانی هەورامانە دەستی پێکردووە، بەرنامەی ئەوەمان هەیە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بەڕوو بچێنین و هەڵمەتەکە فراوانتر بکەین".

بەڕوو 600 جۆری هەیە، دابەش دەکرێت بۆ دوو گروپ (هەمیشە سەوز، وەرزی). داربەڕوو کۆمەڵێک سوود و تایبەتمەندی هەیە لەوانەیش (1-یەکێکە لەو ڕووەکانەی کە یارمەتی خاوێن کردنەوەی ئاو و خاک ئەدەدات، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵمژینی هەموو ئەو کانزا و پێکهاتە زیانبەخشانەی کە لە ناو خاکدا هەن. 2- یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاگرتنی ڕاماڵینی خاک بە تایبەت بە ناوچە شاخاوییەکان. 3- داربەڕوو وەکو سەرچاوەی خۆراکی بۆ کۆمەڵێک گیانلەبەر و بالندە دادەنرێت. 4- یەکێکە لەو درەختانەی پاش سووتانی زۆر بەخێرایی گەشە دەکاتەوە. 5- داربەڕوو توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەییەکان هەیە و بەرگەی پلەی گەرما و سەرمای زۆر دەگرێت. 6- بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی داربەڕوو دەگاتە 500 ساڵ. 7- بەڕوو وەکو چارەسەر بۆ چەندین نەخۆشی سوودی لێ دەبینرێت).




## دوای مانگ و نیوێک لە وتنەوەی وانە لە باخچەکاندا

# کێ بەرپرسیارە لەخەرجنەکردنی کرێی وانەبێژان؟



خەبات / ڕۆشنا عەلی

ماوەی دوو مانگە بڕیاری دانانی وانەبێژان بۆ باخچەکان دەرچوو کە ئەوانەی دەرچووی کۆلێژی بنیادن و بەشی باخچەکان دەتوانن وەک وانە بێژ لە باخچەکان بە پێی پێویستی باخچەکان وەربگیرێن ، دوای تەواوکردنی مامەڵەیەکانییان کە چەندین ڕۆژی خایاند دەستبەکار بوون و ئێستاش بەبڕیارێک کە لە 12-9-2019ـەوەزارەتی پەروەردەوە دەرچووە گوایە ڕەزامەندی نەدراوە لەسەر خەرجکردنی کرێی وانە بێژی لەوەزارەتی دارایی و تەنها بۆ بنەڕەتی و ئامادەیی خەرجدەکرێت لاپەڕەی پەروەردە ڕاپۆرتێکی لەمبارەیەوە ئامادەکرد.



### بەڕێوەبەرێکی باخچە: ئەگەر پارەیان بۆ سەرف نەکرێت وانەبێژ نەمێنێت کێشەیەکی گەورە لە باخچەکەمان دروست دەبێت

### پێویستی وانەبێژان

ئەکرێت بپرسین ئایا باخچەکان پێویستییان بە وانە بێژ هەیە ئەم بڕیارە لە پێویستی باخچەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ئەگەر پێویست نییە بۆ داواکرا ئەگەر پێویستە بۆ پارەیان پێنادرێت وەک تەواوی وانە بێژانی قۆناغەکانی تر لەمبارەیەوە مامۆستا کوردستان یاسین بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانی ئاریان کە ژمارەیەکی زۆر وانە بێژییان هەیە بۆ خەبات ئاماژەی بەوەدا کە هاتنی ئەم وانە بێژانە بۆ باخچەکەیان بۆتە هۆی ڕەخساندنی کەشێکی پەروەردەیی وگونجا و ڕێک و پێک بۆ ئەو لەبارەی نەبوونی مامۆستای میلاک لە باخچەکەی وتی : ئێمە وەک باخچەکەمان میلاکی پێویستمان نییەو ژمارەی منداڵانیشمان زۆرە هەموو مامۆستاکانیش بەپێی پێویست بۆ باخچە ناگونجێن بەزۆری لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دێنە باخچە یان منداڵی بچوکییان هەیە یان بەزۆر دەنێردرێت یان وادەزانێت باخچە شوێنی پشووە ، بەڵام ئێستا باخچە زۆر پێشکەوتووە و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت .

### بنەمای دانانی وانە بێژان

پرسیمان ئایا وانە بێژانی باخچەکات لەسەر چ بنەمایەک دانران ئایا لەبەر ئەوەی میلاک نەبوو یان ئەوان پسپۆڕی خۆیانەو باشتر دەتوانن باخچە بەرەو پێش بەرن؟

وانە بێژ لەسەر بنەمای ئەوە دانران بۆ چاککردنی میلاک لە باخچە ،چونکە ناتوانێت میلاکی قوتابخانەکان چاکبکرێت ، لەبەر ئەوەی لێژنەشی بۆ دەرچوو بۆ ڕێکخستنەوەی بەڵام لەبەر واستەو خزمایەتی پرۆسەکە سەری نەگرت.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند کێشەتان بۆ دروست دەبێت لە ئەگەری وازهێنانی ئەم وانە بێژانە ئەو بەڕێوەبەرە وتی : ئەگەر پارەیان بۆ سەرفنەکرێت و نەمێنێت ئەوا کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت لە باخچەکەمان و کێشەی بێ مامۆستایی بۆشایییەکی گەورە سەرهەڵدەداتەوە ، چونکە بەراستی دڵسۆزو کاراو چالاکن و تەمەنیشییان گرنجاوە لەگەڵ منداڵان.

**دەربارەی ئەوشی کە ئایا چ بەدیلێکی تر هەیە لە ئەگەری نەمانییان؟**



### وانەبێژێک: ئەگەر باخچەی منداڵان ئەوەندە بێ بەهایە با ئەو بەشە لەکۆلێژیش نەمێنێ

مامۆستا کوردستان یاسین وتی : هیچ بەدیلێکی تر نییە لە جێگای ئەو وانە بێژانە تەنها چاککردنی میلاک و نەهێشتنی جیاوازی لە ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانەکان و باخچەکان.

وانەبێژێکیش ئاماژە بەوەدەدات کە ئەو ماوەی مانگێکە لە باخچە کارەکات و پێشی وایە ئەگەر باخچە ئەوەندە ناپێویستە با بەشی باخچەکان لە زانکۆکان لابدرێت و نەمێنێت زیتوون حەسەن لەمبارەیەوە وتی " ئێمە وەکو مامۆستای وانەبێژان قورسترین ئەرکمان هەیە کەچی کەمترین مافمان هەیە بەراستی بریارێکی زۆر ناداد پەروەرانەیە سەرەرای ئەوەی نزیکەی مانگێکە دەوام دەکەین ئەوهەموو مەسروفەمان لەڕێگا داوە کەجی لەناوەڕاستی دەوام ئەوبریارەدەدن کەحەقی هەموو وانەبێژان خوراوە، لەجیگای ئەوە با بەشەوانەکانمان کەمبکرێتەوە باشترە لەجیگای ئەوەی بمان نێرنە مالّەوە یاخود حەقی هەموو ئەو مانگانەمان بدەنەوە کەدەوامان کردووە ، ئەبوایە وەزارەتی پەروەردە دڵنیابیت ئایا وەزارەتی دارایی دەتوانیت موچەی وانەبێژان بدات ئینجا ئەوکاتە با وانەبێژانیان دانابا نەوەک ئێستا نیوەی دەوامان کردووە ئینجا ماندوو بونی چەنەهای سالّەمان بڕوا ئەگەر باخچەی منداڵا ن ئەوەندە بێ بەهایە با ئەو بەشە لەکۆلێژیش نەمێنێ.

# دایک و باوکی نابەرپرس



2
سۆران محەمەد فەرەج

### لەناو پۆلدا منداڵ بااڵویزی خێزانەکەیەتی

ئایا ڕازی دەبیت منالّەکەت نوێنەرێکی خراپی خێزانەکەت بێت؟ لەنا پۆلدا بە قوتابیەکانی خۆمم گوت هەربەکێک لە ئێوە نوێنەری ناو خێزانەکەی خۆیەتی ئەگەر باش بێت یان خراپ ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕفتار و گوفتارەکانی ئەوانە..دەبینی هەیانە دەم پیس و جنێو فرۆشە ئەگەر لەتەمەنی ساواییەوە جنێوی لە دەمی باوکیەوە نەبیستایە ئەم منالّە بێتاوانە جوێن دەر نەدەبوو ، باوەڕناکەم کۆاڵن و دەرەوەی خێزان بتوانن منالّ فێری جنێو بکەن ئەگەر لەمالّەوە ژینگەی جنێودان و دەمپیسی لەبارو ڕەخساو نەبێت بۆی.

جارێکیان کوڕەکەمان بە خوشکە بچوکەکەی گوت (.....خوارد) زانیم ئەم ووشە نامۆیەی ناو خێزانەکەمان هاوردەکراوی دەرەوەیە منیش خێرا گوتم ئادەی ئەوە چیە ؟! دەمت پیس بوو، بۆنی دێ خێراکە زوو بڕۆ دەمت بشۆ ئەها بۆنەکەی هاتە لوتم دەی دەی خێراکە.. ئەویش بەخێرایی ڕۆشت دەمی شۆردو و هاتەوە وتی بابە ئێستە پاک بوویەوە؟ وتم بەڵێ..ئافەرین زۆر چاکە خاوێن بوویەوە ئەگەی جارێکی تر دەمت بۆگەن بکەی بەو شتە پیسانە ئەمە بەهاوڕێکانیشت لە کۆاڵن ڕابگەیەنە.. ئیتر سوپاس بۆ خوا ئێستە ئەگەر بەشەپیش بێت نازانێت جنێو بەدات بەرامبەرەکەی..بەڕاستی ئەرکی دایک و باوک لە پەروەردەکردندا زۆر سەخت و گرانە بەڵام بەداخەوە هەزی منال بوون لای زۆرێک لە کۆمەڵگەکەماندا وەک داخوازییەکی غەریزەییەو تەنها بۆ سەرف نەکرێت وانەبێژ نەمێنێت کێشەیەکی گەورە لە باخچەکەمان دروست دەبێت



# نەرویج..
# ئەنجامدانی چالاکی لە قوتابخانەیەکی کوردی

**خەبات/ نەرویج:** بەبۆنەی کۆتایی هاتنی نیوەی سالّی خوێندن، قوتابخانەی کوردی لە نەرویج بەشی ساندڤیکا ڕێوڕەسمێکی بەڕێوەبرد، سەرەتا لەلایەن کەیوان محەمەدی ووتاری بەخێرهێنان پێشکەشکرا، دواتر بەدەقیقەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و چرینی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و هەردوو سروودی نیشتیمانی خوایە وەتەن ئاواکەی و ولاتێ مە کوردستانە دەستپێکرد، لە پاشاندا بەڕێز برهان فارس گەردی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ووتەیەکیدا سوپاسی دایک وباوکانی کرد کە تووانیوانە هەماهەنگ وهاوکاربن بۆ پێشخستنی قوتابخانەی کوردی ، هەر لەم میانە مامۆستایان چنوور و ژینۆ و محەمەد ووتاریان پێشکەشکرد وهیوایان خواست کە هەموو پێکەوە بتووانین خزمەت بە منداڵانی کورد بکەین بە تایبەتی فێربوونی زمانی کوردی، هەر بۆ هەمان مەبەست چەندین یاریی و پێشبڕکێی هەمەجۆر کە مامۆستا و قوتابیان ئامادەیان کردبوو ئەنجامدران و خەاڵتیش پێشکەشکران، لەم چوارچێوەیەدا لەکاتی پشوودا ئامادەبووان بە خواردنی کورە واری ڕەسەن ڕێوڕەسمەکەیان ڕازاوەتر کرد لەکۆتاییدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی کوردی کێکی ڕێوڕەسمەکە شکێندرا.



وێنە و کۆمێنت

### مامۆستایەک لە کاتی وانەی نان

شەڕەنگێزی و چەقاوەسوویی بەرهەمی ڕفتاری تووندوو تیژو لێدانی منالّە لە ناو خێزاندا ، منالّیش کت و مت دێت لە ناو کۆاڵن و قوتابخانەدا ئەم سلوکە نا پەروەردەییە جێ بەجێ دەکات و هەرچی منالّی دەوروبەرە زریکەیەتی بەدەستیەوە هەمان ئەو ڕەفتارانە لە تف لێکردن و زلە تێسرەواندنانەی منالّەوە..دێت بەسەر هاوڕێ و هاوپۆلەکانیدا تاقیدەکاتەوە، سکاڵا و داد و بێ دادی دەر و دراوسێ بە دەست ئەم جۆرە منالانەوە زۆر جار شوێن پێ بە خێزان لێژ دەکات و ئەگەر کرێچی بێت لە سالێکدا چەند گەڕەکێکی شار تاقی دەکاتەوە.. بەهۆی ئەم جۆرە زوڕییەتە نالەبارانەوە ئاسایشی کۆمەاڵیەتی دەکەوێتە بەر مەترسیەوە ، دەبینی چەندین شەڕ و دەسەویەخە بوونی دراوسێکان بۆ ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە دەبوو ئەجری گرانی دراوسێیەتیان پەیڕەوکردایە و نازی یەکتریان هەڵبگرتایە ، بۆیان گێڕامەوە کە قوتابخانەیەک گیری خواردووە بە دەست منالێکی هار و هاجەوە زۆربەی منالّەکان زللەی دەستی ئەویان خواردووە و ئازاری پێ گەیاندوون بەڕێوەبەر و مامۆستاکان زۆر هەوڵیان داوە بە قسەی خۆش و پەروەردەییانە بیهێننە ژێر بار بووں بەباوک و دایک لەبەرچاوگیراوە بێ ئەوەی بزانن چ بەرپرسیارێکی هێجگار گەورە لە دوای هاتنە دنیای بەندی دڵ و جگەریانەوەیە ، لە پێناو چارەسەری کەمکردنەوەی ڕێژەی تەاڵق و هەست بە بەرپرسیاری کردنی دایک و باوک لە چۆنێتی پەروەردەکردنی منالّ و بارهێنانیاندا هەر کوڕو کچێک کەنیازی چوونە ناو کەژاوەی هاوسەرگیریان هەبێت حکومەتی مالیزیا بەمەرج گرتوویەتی پێویستە دەکات خولێکی 6مانگی ببینن ئنجا بەدات بەرامبەرەکەی..بەڕاستی ئەرکی دایک و باوک لە پەروەردەکردندا زۆر سەخت و گرانە بەڵام بەداخەوە هەزی منال بوون لای زۆرێک لە کۆمەڵگەکەماندا وەک داخوازییەکی غەریزەییەو تەنها ئەوجیگای ئەوەی بمان نێرنە مالّەوە یاخود حەقی هەموو ئەو مانگانەمان بدەنەوە کەدەوامان کردووە ، ئەبوایە وەزارەتی پەروەردە دڵنیابیت ئایا وەزارەتی دارایی دەتوانیت موچەی وانەبێژان بدات ئینجا ئەوکاتە با وانەبێژانیان دانابا نەوەک ئێستا نیوەی دەوامان کردووە ئینجا ماندوو بونی چەنەهای سالّەمان بڕوا ئەگەر باخچەی منداڵا ن ئەوەندە بێ بەهایە با ئەو بەشە لەکۆلێژیش نەمێنێ.

کاتێک دەچوینە دەر بۆ دیدەنی و میوانی لە شەوانی ساردی زستاندا دەمبینی هەندێ منالّ و هەرزەکار لەسەر سوچی کۆاڵن و کەاڵوە و خانوی هەیکەلی تەواو نەکراودا مقەبایان ئاگر پێوە ناوە و لە دەوری خڕبوونەتەوە.. دەمەتەقێ و ڕازی قسەیان تا ئەو کاتەی لە دیدەنی دەگەڕایەوە و دەرەنگانی شەو دڕێژەی و لێدانیشیان بە چارەسەرێکی پەروەردەییانە نەزانیوە تاکو دواجار باوکی منالّەکە لە کاتی بانگهێشتکردنیدا بۆ قوتابخانە ڕێنمایی کردوون و تێگەیاندوون کە ئەو بە لێدان و تێسرەواندن گۆش کراوە و بەوە نەبێت داناکەوێت، بۆیە عیلاجی ئەو حەب و ڤاکسینی تێسرەواندن و لێدانە، مامۆستایەکی بە ئەزموون و پەروەردەکاری قوتابخانەکە ڕوخسەت لە باوکی منالّەکە وەردەگرێت و پێی دەڵێت باسەرەتا ئەو عیلاجە لە تۆدا تاقی بکەمەوە هەستاوە یەک زللەی پۆلیسیانەی سرەواندۆتە باوکەکە و پێی دەڵێت باشە دەبوو یەکەمجار کێ تەمبێ بکرایە ؟!سوچ و تاوانی ئەم منالّە چیە تووشی بووە بە دەست باوکێکی نابەرپرس و نالەباری وەک تۆوە.

### ئایا تۆ شەمشەمەکوێرەکان دەبینی؟

کاتێک دەچوینە دەر بۆ دیدەنی و میوانی لە شەوانی ساردی زستاندا دەمبینی هەندێ منالّ و هەرزەکار لەسەر سوچی کۆاڵن و کەاڵوە و خانوی هەیکەلی تەواو نەکراودا مقەبایان ئاگر پێوە ناوە و لە دەوری خڕبوونەتەوە.. دەمەتەقێ و ڕازی قسەیان تا ئەو کاتەی لە دیدەنی دەگەڕایەوە و دەرەنگانی شەو و دڕێژەی شارەدا جمەیان دێ. بەڕاستی ئەم دیمەنە دزێوە مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە ، ئەم ڕەفتارە لەگەڵ تەمەندا دەبێتە هاوڕێ و لە تەمەنی پیریشدا ناتوانێت دەسبەردارای چونە دەرەوە بێبێت و ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن پابەندی بەرپرسیارێتی خێزان بن و ئەرکی باوکایەتی ناگرنە ئەستۆ، بەبیانوو پاساوی جۆراو جۆر خۆیان لەهاوسەر و منالّەکان دەدزنەوە ودەچنە دەرەوە بۆ ئەوەی لەفەیەکی مریشکی ژەهراوی یان چایەکی ڕەشی وەک تارمایی شەو هەلقوڕێنێ بەاڵتانەوە سەیر نەبێت هاوکات لەگەڵ ئەو هەرزەکار و میردمنداڵانەدا چەند پیاوێکی بەتەمەنی سەرو پیش سپی دەهاتنە سەر سوچی کۆاڵنەکەیان و تا درەنگانێکی شەو دەمەتەقەو گاڵە گاڵیان بوو دیارە خوویەک بیگری بە شیری بۆت تەرک ناکرێت بە پیری، لەبەر ئەوە دەڵێم با مەرجی ئەساسی بۆ بەمێرددانی کچان ئەوەبێت بە خوازبێنی کار بڵێین دەبێت زاواکەمان کوڕی شەقام و سەرسوچی کۆاڵنەکان و لە شەمشەمەکوێرەکان نەبێت . بۆ ئەم حاڵتە نەخوازراوەش بەڕاستی دایک و باوک تاوانباری سەرەکین ، چونکە ئەوان هێلانەیەکی ئارام و ژینگەیەکی خێزانی لەبار و گونجاویان بۆ کوڕەکەیان نەڕەخساندووە، قسەی خۆش و گفتوگۆی خێزانی و باوەشی گەرمی باوکیان نەدیت بۆیە بە سەرماو تەزینی جەستەو دەست و پەنجەیان ڕازی بوون و چوونە دەرەوە، دواجار ئەو نەهامەتیانەی کوڕەکەیان بەسەریان دێنێت تەنها یەخەی خۆیان دەگرێت و خۆزگە بەوە دەخوازن کە دارای کوڕ نەبوونایە..لەمەشدا زۆرجار ڕووی دەمی کۆمەڵگا و پەروەرشیاران و مامۆستایان لە وەعزەکانیاندا هەر لەو منالانەیە و باوک و دایک و هۆکاری ڕاستەقینە وەک بەرزەکی بانان قوتاریان دەبێت ، لە کاتێکدا ئەوانن هۆکاری ڕاستەقینەی نمرە یەک.

# یادی پێنج ساڵەی رزگارکردنی چیای شنگال

## سەرۆک مسعود بارزانی بەڵێنی دا:

# یان شنگال رزگار دەکەین، یان سەری خۆمان لەسەر دادەنێین

**ئەمە بەڵێنی سەرۆک مسعود بارزانی بوو، بۆ رزگارکردنی خاکی شنگال و برا ئێزدییەکانمان کە لەژێر دەستی داگیرکەر و تیرۆرستانی داعش دابوون، هەروەک چۆن جەنابیان هەردەم بەڵێنی داوە کە پێشمەرگەیەکی خاکی کوردستان بێت و هەردەم بەڵێنەکەی بەجێ گەیاندووە**



کاروان محەمەد سینۆ

لەمێژینەوە میللەتی کورد بەردەوام کەوتۆتە بەر هەڕەشەی کوشتن و بڕین و لەناوچوون، تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نزیک ( 40 ساڵی رابردوو)، دەبینین کە تەنها لەم ماوەیەدا 4500 گوندمان وێران کراوە، 182 هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە هەڵمەتەکانی ئەنفال بێ سەر و شوێن کراون، 12 هەزار گەنجی فەیلی بێ سەر و شوێن کراون، 8 هەزار بارزانی لە تەمەنی 10 تاکو 90 ساڵ بێ سەر و شوێن کراون، لەسەرتاسەری کوردستان هەرشوێنێک بۆیان کرابێ کیمیاباران یانکردووە، تەنهاڵە هەڵەبجە لە ماوەی دوو سێ خولەکدا 5هەزار کەس بە ژەهری کیمیایی شەهید کران کە 80%یان ژن و منداڵ بوون.




کارەساتی جینۆسایدی شنگال یش دریژە پێدانی داگیکەر و دوژمنان بوو بۆ ئەم کارەساتانەی لەسەرەوە باسمان کرد. برا ئێزدیەکانمان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی میللەتی کورد لەمێژوودا حەفتاودووجار دووچاری فەرمانی قەڵاچۆکردن و جینۆساید بوون هاتوون، تەنها لەبەر ئەوەی کە ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی میللەتی کوردن و ئاین و خۆڕەوشتێکی ڕەسەنی کوردانەیان هەیە. بۆیە ڕۆژی 3ی ئاب 2014تیرۆرستانی گۆڕبەگۆڕی (داعش) هێرشێکی درندانەیان کردە سەر شاری شنگال و هۆڤانە کەوتنە گیانی برایانی ئێزدی و هەموو جۆرە تاوانێک کوشتن و پاکتاوی ڕەگەزیی و ئەنفال و کەنیزەکردنی کچ و ژن و کۆیلەکردنی پیاو و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان بەرامبەریان ئەنجامدا. پێشمەرگە و خەڵکی گیانفیدا وەکو هەموجارێک پەنایان بردەوە بەر چیای سەرکەشی شنگال و کەوتنە بەرگریکردنێکی قارەمانانە لە مەزاری شێخ شەرفەدین و نەیانهێشت دەستی چەپەڵی تیرۆرستانی (داعش) بگاتە چیای شنگال و مەزاری شێخ شەرفەدین. پاش داگیر کردنی ناو شاری شنگال، لەبەر ئەوەی بڕیار و ئامانجی سەرەکی تیرۆرستانی داعش لەناوبردنی تەواوی برا ئێزدییەکان بوو، بۆیە دوای داگیرکردنی ناو شاری شنگال، تیرۆرستانی داعش 16جار هێرشیان کردە سەر مەزاری شێخ شەرفەدین کە دەکەوێتە پشت چیای شنگال، بەڵام بە هیممەتی پێشمەرگە هەموو هێرشەکانیان تێکشکێنداو ڕێگە نەدرا دەستی چەپەڵی تیرۆرستان بگاتە ئەو مەزارە پیرۆزە. لەبەر ئەوەی مەزاری شێخ شەرەفەدین (دوای مەزارگەی لالش) شوێنێکی پیرۆزە لە لای برا ئێزدیەکانمان، بۆیە تیرۆریستانی داعش ئامانجیان ئەوە بوو بەهەر شێوەیەک بێ مەزارگەی شێخ شەرفەدین داگیر بکەن و ئینجا چیای شنگالیش داگیر بکەن و هەموو ئەو خەڵکەی لە چیای شنگال بوو کە بە نزیکەی 200هەزار کەس مەزندە دەکران، هەموویان جینۆساید و کۆمەڵکوژ بکەن.

لەو بارودۆخەی ئەوکاتەدا، ئێزدیخان کەوتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون. لەو هەل و مەرجەی ئەوکاتدا شاندێکی ئێزدیخان کە پێکهاتبوون لە بابە شێخ و چەند ریشسپی و پیاوماقوڵانی ئێزدی خان، چوونە لای جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و پێیان ڕاگەیاند کە "ئیتر تەواو... ئێزدیخان تەواوبوو"، بەڵام جەنابی سەرۆک بە بابەشێخ و ریشسپیانی ئێزدیخان گوت: "نەخێر، ئاوا بیرمەکەنەوە.... ئەوکاتە ئێزدیخان تەواو دەبێت، ئەگەر کوردستان تەواوبوو...". هەروەها سەرۆک بارزانی بەڵێنی بە شاندی ئێزدیخاندا کە "یان شنگال رزگار دەکەین، یان سەربەخۆمان لەسەر دادەنێین". ئەمە بەڵێنی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو بەرامبەر داگیرکردنی شنگال و لەناوبردنی ئێزدیخان، ئەمە بەڵێنی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بوو بۆ رزگار کردنی شنگال و چیای شنگال. ئینجا سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان قۆڵی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگالیان هەڵمالی و لە قۆناغی یەکەمدا بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و بەشداری 8000 پێشمەرگە لەهەڵمەتێکی شێرانە و بە گوڕو تینێکی کوردانە و نیشتیمان پەروەرانەدا، لە بەرە بەیانی ڕۆژی 21ـی12ـ 2014 بەخوێنی پێشمەرگە، چیای شنگال رزگار کرا، بەم شێوەیە لەم ئۆپەراسیۆنەدا زیاتر لە 700کم لە خاکی کوردستان لە تیرۆرستان و داگیرکەران رزگار کرا. بۆیە ئەمڕۆ سەربەرزانە ئێمە یادی ئەو ڕۆژە و ئەو داستانە پیرۆزە دەکەین.



لە گەرمەی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی رزگار کردنی چیاش شنگار ، سەرۆک بارزانی لەسەر چیای شنگال پەیامی ئازادکردنی چیای شنگالی ڕاگەیاند و هەر لەهەمان پەیامیدا سەرۆک بارزانی بەڵێنی رزگارکردنی شاری شنگالی بە برایانی ئێزدی ڕاگەیاند. ئەوەبوو لە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگال، بەرەبەیانی 13ی11ی 2015 لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بێ وێنە و هێرشێکی شێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک مسعودی بارزانی ، قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری شنگال دەستی پێکردا و لە هەمان ڕۆژدا تەواوی شاری شنگال و دەوروبەری لە تیرۆرستانی (داعش) رزگار کرا.

سەرۆک بارزانی لە ماوەی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندا، وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جگە لە ئەرکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دابەشکردنی میحوەرەکان، هەروەها سەرکردایەتیی شەڕی دژی تیرۆریستانی کردووە و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی و فەرماندەیی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەی بۆ ئازادکردنی ڕەبیعە، زومار، چیای زەرتک، بەنداوی مووسڵ، چیای شنگال و حەوزی عەوێنات و شاری شنگالی کردووە. شایانی باسە پلانی ئازادکردنی زومار و حەوزی عەوێنات و چیای شنگال و شاری شنگال، کە سەرۆک بارزانی داڕێژەریان بوو ڕاستەخۆش و فەرماندەیی کردن. لەڕووی کات و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو پلانانەوە، داستانی بێ وێنە بوون.

لەکاتێکدا داستانی رزگار کردنی چیا و خودی شاری شنگال گرنگییەکی مێژوویی و سیاسییە بۆ هەموو کوردێک هەیە لەهەرشوێنێکی دونیادا، لەهەمانکاتیشدا رزگار کردنی شنگال بەرپرسیتییەکی مێژووی و نیشتیمانی و نەتەوەیی بوو لەلایەن جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بەرامبەر هەموو خەڵکی کوردستان (بەتایبەت برا ئێزدیەکانمان) و هەروەها بەرامبەر خاکی کوردستان. بۆیە لێرەدا و لە پێنجەم ساڵیادی رزگار کردنی چیای شنگال، سوپاسی بێ پایانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە خەمخۆری خاک و خەڵکی کوردستانە، سوپاسی هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی سەرۆک دەکەین، سوپاسی هەڵمەت و خەباتی پێشمەرگایەتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین. هەروەها سوپاسی یەکەیەکەی پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین ئەوانەی بەشداربوون لە رزگارکردنی شار و چیای شنگال، چیای کوردایەتی و قوربانیدان. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی داستانی رزگارکردنی چیای شنگال.

ئازاد کردنی چیای شنگال، داستان و قارەمانێتییەکی بێ وێنەبوو کە ڕۆڵەکانی کوردستان ئەنجامیاندا و ئەوکات و ئێستا و لە داهاتووشدا ئەم داستانە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو و دەبێت لەسەر بڕوابەخۆبوونی مللەتی کورد و هێزی پێشمەرگە و دواڕۆژی کوردستان، بۆیە دەبێت ئێمە سالانە یادی ئەم شکۆمەندییە بکەین کە پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان ئەنجامیانداوە. سەربەرزی و سەرفرازی بۆ سەرۆک مسعود بارزانی و پێشمەرگەکانی، نەمری بۆ شەهیدان.






وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢٥١٧ بەروارى ٢٠١٩/٧/٢٢ بەبرى ٣٠٠٠٠٠ بەناوی یونس حسن احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریة تنفیذ ئاکری

العدد /٢٨٤٠/ت.د/٢٠١٩

التاریخ / ٢٠١٩/١٢/٩

الی / المنفذ علیه (مجاهد محمد سعید)

م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ

علیکما الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٢٨٤٠/ت.د/٢٠١٩ ) بمبلغ قدرة (١٥٩٩٨٥٠) ملیون وخمسمائة وتسعة وتسعون الف وثمانمائة وخمسون دینار عراقی فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة کولان المرقم (٥٢٧٧) في ٢٠١٩/١٢/٤ علیه قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنك وبعکسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقکما بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما المنفذ العدل / ناطق نافع صدیق

***

مدیریة تنفیذ ئاکری

العدد /٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع العقار المرقم ١٧٢/٤ مقاطعة ٨٨ اشکفتة مغارة المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٢٧٤٢/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاکری/ قابکی المساحة ٤٥٠ م٢ الجنس ملك صرف القیمة المقدرة (٧٢٠٠٠٠٠٠) اثنان وسبعون ملیون دینار عیراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٨٧٢٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٦)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ بەمەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی کەلەك لە پارێزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای باعەدرێ لە پارێزگای دهۆك بەپێی ڕاددەگەێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٥٥٠,٠٠٠) پێنج سەد و پەنجا هەزار دینری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

فریدون رحمان عولا
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێری دارایی

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٨٧٣٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٧)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ بەمەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی کۆزندنسێت لە کێلگەی کۆرمۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ وێستگەی داگرتن لە خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر بەپێی یاسا ڕادەگەێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

فریدون رحمان عولا
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێری دارایی

***

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ١١٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٥

داواکار/ اژین نامق خضر
داوالێکراو/ امینه خضر رسول/
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

ئاگادارت دەکەینەوە کەوا داوکا(ئەژین نامق خضر) داوای ژمارە(١١٣/ش/٢٠١٩)ی لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داوای(سەلماندنی هاوسەرگیری – اثبات زوجیة) دەکات لەنێوان تۆو بەرای کۆچ کردوی بەناوی(ادریس نامق خضر) کە لە ڕێکەوتی(١٩٩٨/١٢/٢١) گرێبەستی هاوسەرگیریاتن ئەنجام داوە لەدەرەوەی دادگا ئەم دادگایە(٢٠٢٠/١/٩) وەکو ڕۆژی دادبینی دیاری کردوە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی نوسراوە بنکەی قۆلیسی تەق تەق بەژمارە(٣١٣٧) لەڕێکەوتی(٢٠١٩/١٢/٢) وەئەشعاری ئەنجومەنی گەڕەکی ناشتی تەق تەق وەنوسراوی شارەوانی تەق تەق بەژمارە(١١١٨) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢) کە تیایدا دیاری کراوە شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە لەکاتی ئیستادا بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لە دادگا وە ئەگەر ڕۆژی دیاریکراو ئامادەنەبیت یاخود بریکارێکی یاسایی لەبری خۆت ئامادە نەبێت لەدادگا ئەوا دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێ بە پاش ملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای باری کەسی بەردەرەش

ژمارە / ٣٢١/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت ٢٠١٩/١٢/٤

جاردان

بۆ / داوالێکراو (اولیسیا فاسیلیفنا بوندزیك)

شوێنی دانیشتووی ئیستا نادیار.

داواکار (محمد فیصل الیاس) داوای شەرعی ژمارە (٣٢١/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (پەسند کردنی تەلاقی دەرەکی ) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە بڕیاری ژمارە (٣٢١/ش/٢٠١٩) کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣ دەرچووە وە دوای (١٠) ڕۆژ لە پێراگەیاندنت پلەی کۆتایی وەلدەگرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا.

دادوەر / نزار خلیل ابراهیم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٨١٥/ش/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (سەفین حسن قادر)

ئاماژە بەداواى ژمارە (٥٨١٥/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (دەریا مصطفی علی) و داوالێکراو (سەفین حسن قادر)، جۆری داوا (بژێویی-نفقە) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (نازادی-هەولێر) دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٩) کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/صباح قادر کاملا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (سەفین حسن قادر)

ئاماژە بەداواى ژمارە (٥٨١٤/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (دەریا مصطفی علی) و داوالێکراو (سەفین حسن قادر) جۆری داوا (جیابوونەوە بە هۆی جێهێشتن-تفریق للهجر)ە، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی (نازادی/هەولێر) دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٩) کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/صباح قادر کاملا

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد نجم الدین محمد ٥٠٪ و فؤاد صالح شێرە ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٥ کە داواى تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- ئامێری جەلایەی کاشی ژمارە/٦٣٦٠٠٠ دروستکراوی خۆمالّی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١١٠.

٢- سێ دانە ئامێری کابیسەی کاشی ژمارە/٦٣٦٠٠١ و ٦٣٦٠٠٢ و ٦٣٦٠٠٣ دروستکراوی خۆمالّین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥*٣.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٥٥٧٤/ش/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (صباح حامد حمد)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ عذراء فاضل بدری داواى ژمارە (٥٥٧٤/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داواى پەسندکردنی تفریق بسبب الهجر دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی خەبات بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣١, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/ ئیواران

ژمارە: ١١٢٨٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: بەڕێز (عبدالصمد قادر حاجی)

هۆشداریکراو: (قادریه قادر حاجی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستە کراوە لەلایەن بەڕێز (عبدالصمد قادر حاجی) بە ژمارە (٢/٣٣٥) لە ٢٠١٩/٤/٢٩ سەبارەت بەلابردنت لەبریکارنامەی گشتی ژمارە گشتی (٣١٣٨٧) و تۆمار (١٥٨) لە ٢٠١٧/٧/١٢ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت دیار نییە بەپێی (اشعاری) ی موختاری گەرەکی ئازادی و زانیاری لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٥ کە پەسند کراوە لەلایەن قائیمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بۆیە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەوە ئاگاداری بەڕێزت دەکەینەوە.

عبدالله خلیل اسماعیل

دادنووسی پەکەمی هەولێر/ ئیواران

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێمێل

ژمارە: ١٥٣١/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری

بۆ/ قەرزار/ حسن رشید حسن

لەبەر نەزانین و نەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧)ی یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لەڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (دلشاد محمد طاهر محسن) کە (١٣٥,٥٣٧,٧٥٠) سەدو سیەو و پێنج ملیون و پێنج سەدو سیەو و حەفت هزار و حەفت سەدو پینجی دیناری عیراقی یە دەنا بەپێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت.

جێبەجێکاری داد/ ریبر سلمان خالد

***

(ئاگاداری )

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٧٥٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/١)ك (١٢) ڕیزانۆك/ڕواندز بە مەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی , بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٤٣٧ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٥ /١٢/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکراو (شوتم حسن مصطفی) ل دیف داخازیا داواکار (عادل محمد رمضان) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا پەسەندکرنا بەردانا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجي) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٦٥٣/موحدە/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/بازدە) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدەلایێ لسەر بکری نە ئەگەر ڕۆژا سەرەك زیدەکرنی بوو پێنهڤەدانا فەرمی دی ڕۆژا دیڤدە بیتە ژڤانی سەرەك زیدەکرنی ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور)

ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکی خویەتی یە ب باران دئیتە ئافدان

ڕووبەر :- (٩٥) دونم

بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وجل ودوو ملیون دیناڕێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ

ژمارە/ ١١٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/٩

بۆ داوالێکراو (احمد محمد حنش)

جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە

ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (١١٥/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ لەسەر داوای داواکار (معزز سعد معروف) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە لێکجیابوونەوە (التفریق) لە نێوانتان ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / رمزی عبدالله اسلام

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٠٩٣/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (بوتان عمر گەردی)

داواکار (المیعه عزیز شێرە) داوای ژمارە (٣٠٩٣/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە داوای چۆلکردنی شوقەی ژمارە (٦) لە بالّەخانەی دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە (١٣٢\٤٢٨ ك ٤٥ وارش) تۆمارکردووە لەسەر (بوتان عمر گەردی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی (گەرەکی خەبات) کە بۆ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٦٥٣/موحدە/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/بازدە) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدەلایێ لسەر بکری نە ئەگەر ڕۆژا سەرەك زیدەکرنی بوو پێنهڤەدانا فەرمی دی ڕۆژا دیڤدە بیتە ژڤانی سەرەك زیدەکرنی ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- (١٢/١) کەرتی ٥ انجکە صور)

ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکی خویەتی یە ب باران دئیتە ئافدان

ڕووبەر :- (٩٥) دونم

بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وجل ودوو ملیون دیناڕێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ

ژمارە/ ١١٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/١٢/٩

بۆ داوالێکراو (احمد محمد حنش)

جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە

ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (١١٥/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ لەسەر داوای داواکار (معزز سعد معروف) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە لێکجیابوونەوە (التفریق) لە نێوانتان ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی ڕازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / رمزی عبدالله اسلام

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٠٩٣/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (بوتان عمر گەردی)

داواکار (المیعه عزیز شێرە) داوای ژمارە (٣٠٩٣/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە داوای چۆلکردنی شوقەی ژمارە (٦) لە بالّەخانەی دروست کراو لەسەر مولکی ژمارە (١٣٢\٤٢٨ ك ٤٥ وارش) تۆمارکردووە لەسەر (بوتان عمر گەردی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی (گەرەکی خەبات) کە بۆ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاردێ (قەزا زاخو/تاخێ صلاح الدین/٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

DNO
EST - 1971

**کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :**

| | |
|---|---|
| Job Title | Junior Accountant (Accounts Payable) |
| Work Location | Erbil Office |
| Application Closing date | 7 Days from the date of this announcement |

Additional Details and requirements

**Job Summary:**

Reconcile invoices with purchase orders and delivery note, including booking entries against appropriate projects and cost codes in the accounting system in a timely and precise manner

Prepare monthly reports as well as month-end and year-end closing processes.

Follow up invoicing with domestic and international suppliers. Communicate effectively internally and with suppliers and reconcile the vendors' SOA.

Actively follow up pending issues and perform any other duties and tasks as required.

**Required Qualifications & Experience:**

- BSc. degree in Accounting / Economics / Business
- Strong computer skills in Excel and general computer literacy and typing skills.
- Excellent command of written and spoken English.
- 1-4 years relevant experience. Oil and Gas or International experience is a plus.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١١٨٦٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLD RING (G.R)) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GOLD RING (G.R)) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٩) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٧٢٨٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٩ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا(گیلان محمد اسماعیل) تایبەت بەداناتی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و داناتی بەڕێز (کاوە محمد ابراهیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٧

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

## ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (گولواز) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢١١
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
ئاگاداری
ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی/ بەڕێوەبەرایەتی دەست بەسەراگرتن و کۆزاندنەوەژمارە (٤١٤٠) لە ٢٠١٩/٧/١١ هاوپێچەکەی سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەلساوە بە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١٩) کەرتی ٢٠/ قتوی بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی (حل) کردنی پارچە زەوی سەردەوە بەپێی یاسای (١١٧) ی ساڵی ١٩٧٠ وە بڕیاری (١٢٥٣)ی ساڵی ١٩٨٥ وە ڕێنمایی (٩)ی ساڵی ١٩٨٨ کە ڕووبەرەکەی سیفەتی کشتوکاڵی لەدەستداوە و دامەزراوەی لەسەر دروستکراوە وە بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و نوێنەری قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر و نوێنەری بەشی کشتوکاڵی عەنکاوە و موختاری گوند جا هەرکەس و لایەنێک بە هەرڵستکاری هەیە لەسەر هەڵوەشانەوە (حل) کردنی پارچە زەویەکە ئاگادارمان بکاتەوە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٩٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (سرور عبدالله احمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار ازاد حسن رشید داوای ژمارە ١٩٥/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە دادگاش لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٥ بەشێوەی پاشملە بریاری حوکمی دەکرد بە بری ١٠٨٢٧٠٠٠٠ سەد و هەشت ملیون و دوو سەدو حەفتا هەزار دینارى عراقی بۆ داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەندرێت بەم بریارە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئێوەش مافی نارەزایی و تێبەڵچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایيدا وە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا
***
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ١٤٥٢٧/٢/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ بەڕێز/ تێکۆشەر طلعت حسن/ بەناونیشانی (پاسەوان) لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی بەشە ناوخۆییەکانی کوران لە زانکۆمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
بەهۆی دیرانت لەکار لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەرکار بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەدەی (٣٧) لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ ڕاستەکرا و کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
پ.د.احمد انور دزیی
سەرۆکی زانکۆ
تێبینی: ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە ٢٠١٩/١١/١٣ هاتووە
***
سەرۆکاتیا باژێڕانییا ئاکرێ
هۆبا نەخشە بیناتی

ژمارە: ٣٤٤/٣٥/٣٥
رێکەفت: ٢٠١٩/١٢/٨
ئاگاداری
ل دیڤ نفیسارا رێقەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل پارێزگەها دهوکی ژمارە (٣١٩٠) ل ٢٠١٩/١٢/٥ سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ ئاگەهدارکرنا نەخشێ راستکری دکەت یێ پارچەکێ ل نەخشێ ژمارە (٤١٠) یێ گوندێ ساڤوک ب گهورینا بلوکێ (خزمەت گوزاری) بو نیشتەجێ لەومانا هەر کەسێ پێشنیارەک یان بەرهەنگاریەک هەبیت بلا ئاراستەی سەروکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن د ماوەی هەیڤەکێ دا ل ڕوژا بەلافکرنا ئاگادارییێ.. دگەل ڕێزگرتنی.
بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٩
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (میسر شعبان حمدی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنەستا داندراوە لە (ڕێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / ریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- هێلی تەواوی دروستکردنی جبس پەتاتە بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٦ K.W٣٠ پارچە
٢- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٧,٥*K.W٢ ٣- سێ دانە تعبئە و کبسی جبسی پەتاتە بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٣ مصعد + هوپەر
٤- دوو دانە تێکردنی جبسی گەنمە شامی بێ ژمارە دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٢ مصعد + هۆپر قایش نقال
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هالە اسماعیل عبدالکریم) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێنەستا داندراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / ریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- رافعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣ طن
٢- کۆمپرێسەری هەوایی ٥٠٠ لتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥پرێس
٣- مۆلیدەی کارەبای بێ ژمارە دروستکراوی المانی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٥٥
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٦٤/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٥٤١٧٣/هەلێر - بارهەلگر ) جۆری (نیسان پیکەب دەبل قارە) مۆدیل (٢٠٠٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالله حمد عبدالله) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٦٠٦٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمد نامق سلیم)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٦٠٦٦/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (سمیه علی همزه) وە داوالێکراو (محمد نامق سلیم) کە جۆری داوای بریتییە لە (جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتن – تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (مامۆستایان دوو – هەولێر) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێک یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقەت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارە دواوا: ٣١١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (کثیر رستم المفتش)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار (بڵند ابراهیم عزیز) داوای ژمارە (٣١١/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە کە تایبەتە داوای (چۆلکردنی خانووی ژمارە ٣١ کۆڵێژی ئەندازیاری) دەکات , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئاگەر مختاری (گەرەکی ٩٩ زانکۆ + مامۆستایانی زانکۆ لە شاری هەولێر) بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەنرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٥) کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ناشکرا ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٨٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گولواز) بۆ
فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (گولواز) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بیستون پوشو حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩٠٧٤
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٩
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای ( سکای) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الطب البدیل) بۆ بازرگانی گشتی و هەنارە و هاوردەکردن و هێنانی گژوگیای سروشتی و جوانکاری/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ کاروان رشید حمد
ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٦٢٠٦١
ئیمیل: karwan-rashid87@yahoo.com

DNO
EST - 1971

| | |
|---|---|
| Job Title | HR Administrator (Recruitment) |
| Work Location | Erbil Office |

Additional Details and requirements

**Responsibilities for:**

- Creating job advertisements (EasyCruit, Mayor Office, Newspaper, Mselect, LinkedIn)
- CV screening and shortlisting
- Correspondents and official letters with Mayor offices and other entities that we deal with in regard to recruitment
- Conducting interviews

**HR Policies & Procedures / HR Processes:**

- Become knowledgeable about and a 'go to' person when Production / Field managers and staff have a query on HR policies & procedures.
- Learn all HR processes and become responsible for the administration of them within DNO Kurdistan – from recruitment to termination.
- Assist in the recruitment and selection process – conducting shortlisting and interviews with managers when appropriate. Contributing to the selection decision.
- Assist HR Officer with all aspects of his/her role, learning that role and developing the skills and experience to become professional.
- Assist in maintaining accurate job descriptions

Please visit our website to read more on the job details.

**Required Qualifications & Experience:**

- Business related Degree
- +3 year experience in HR roles (oil and gas experience preferred)
- Strong communication skills
- Fluency in English language and Arabic is a plus.
- Ability to fluently write in Kurdish and Arabic
- Good interpersonal skills – able to gain trust and respect of all staff
- Advanced computer skills (Word, Excel, PowerPoint).
- Ability to gather, analyze and summarize HR data
- Ability to work calmly under pressure, and prioritise work requirements.
- Knowledge of Iraq Labour Code essential
- Regular site visits are required

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

| | |
|---|---|
| Job Title | HR Administrator (Admin) |
| Work Location | Erbil Office |

Additional Details and requirements

**Job Summary:** Responsibility for collection, inputting and occasional analysis of confidential staff data and personal information. Develop an in-depth understanding and appreciation of the purpose behind DNO's HR policies and procedures. Develop a good relationship with managers and employees. As required, to assist in the administration of recruitment, performance management (PDP's), HRMS inputting / updating, as well as dealing with HR related correspondence and data gathering. Prepare presentation material on HR topics – eg on staff turnover, training attendance, absence monitoring, recruitment progress, etc. Work closely with HR colleagues in Kurdistan, the Regional Office and Corporate Office to gain an in-depth knowledge and understanding of DNO philosophy and intentions for all aspects of people management.

**HR Policies & Procedures / HR Processes:**

- Become knowledgeable about and a 'go to' person when managers or staff have a query on HR policies & procedures.
- Learn all HR processes and become responsible for the administration of them within DNO Kurdistan – from recruitment to termination.
- Prepare data in suitable format for submission to Kurdistan Management, Head Office or MNR as required.

**HR System:**

- Responsible for timely and accurate HR inputs to HRMS and MNR portal.
- Provide relevant regular and ad hoc analysis and commentary from the HR data

**Required Qualifications & Experience:**

- Business related Degree
- +3 year experience in HR roles (oil and gas experience preferred)
- Strong communication skills
- Fluency in English language and Arabic is a plus.
- Ability to fluently write in Kurdish and Arabic
- Good interpersonal skills – able to gain trust and respect of all staff
- Advanced computer skills (Word, Excel, PowerPoint).
- Ability to gather, analyze and summarize HR data
- Ability to work calmly under pressure, and prioritise work requirements.
- Knowledge of Iraq Labour Code essential
- Regular site visits are required

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

## ئەمڕۆ لە مێژوودا



**سالی 1930:**
لە ئەنجامی تەقینی گڕکانی میرابی لە دوورگەی جاوەی ئەندەنووسیا 700 کەس گیانیان لەدەست دا .



**سالی 1963:**
دوای داواکردنی هەموارکردنی دەستوور لەلایەن مکاریۆسی سەرۆکی ئەوکاتەی قوبرس ، پێکدادانی توند لە نێوان قوبرسیە یۆنانی و تورکەکان رووید ا .



**سالی 1989:**
لە رۆمانیا سیستمی سۆسیالیستی دارما و نیکۆلای چاوچیسکۆی سەرۆکی ولات و هاوژینەکەی ولاتیان بەجێ هێشت .




**سالی 1993:**
لە باشووری ئەفریقیا یەکەم دەستووری دوور لە ڕەگەزپەرستی دەرکرا و پەرلەمانی ئەو ولاتە بڕیاری لەبارەوە دا .



**سالی 2001:**
بە مەبەستی هێنانەدی ئاشتی ، هێزە فرەڕەگەزەکان و حکوومەتی حامد کارزای لە ئەفغانستان دەست بەکار بوون .



**سالی 2016:**
حکوومەتی سووریا کۆتاییهاتنی شەڕی حەلەبی راگەیاند .

# کەرتی کشتوکاڵی ڕووسیا لە کاتی ئابلۆقەدا



بەشی یەکەم

**د. خۆشەوی مەلا بڕایم**

لە هەلومەرجی، کە ڕووسیاش ئابلۆقەی خستووەتە سەر بەشێکی زۆری کالاکانی کشتوکاڵی ولاتانی یەکێتیی ئەورووپا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کەنەدا، ئوستراليا و نەرویجیشەوە، زۆر کەس لەو بڕوایەدایە، کە بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەی کشتوکاڵی نیشتمانی فەراهەمکراوە و هاوردەی کالاکانی رکابەر سنووردار کراون و ئێستە دەرفەتی گەشەی ئابووری ناوەخۆیی لەبەردەم بەرهەمهێنەرانی ڕووسیادا کراوەتەوە، بە پلەی یەکەم کالاکانی کشتوکاڵی ڕووسیا دەتوانن بووژانەوە بەخۆوە ببینن و ببنە جێگرەوەی ئەو کالا خۆراکییانە.

لە لایەکی دیکەیشەوە بە بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ زەمینەی بەرهەمهێنانی خۆراکی زیاتر فەراهەم دەکرێت و ئاستی خواستن بەرز دەبێتەوە، بەڵام کێشەی نەتوانینی جێگرتنەوە لە ڕووی قەبارەی و نرخدا بەبەرستی سەرەکین، بەپێی ئامارەکان زۆر جار نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی ڕووسیایی لە هی دەرەکی گرانتر بوونە. سەبارەت بە گەنمەوە ئەو بەرهەمەیە بە قەبارەیەکی زۆرەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، بەپێی مەزندەکان بەشی 50 ملیۆن کەس دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی، کە ئاستێکی دیارکراوی باج و قەبارەی لەلایەن حکوومەتەوە بۆ دانراوە سەختە، کە لەو هەلومەرجە سنووردارکراوەدا بتواندرێت کەڵک لەو بارودۆخە ڕەخسێندراوە وەربگیرێت، لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنەرانی نەوت چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی ناوەخۆیی دەکەن و نایانەوێت، کە بە نرخە کۆنەکە گەنم بفرۆشن، مەترسییەک لە ئارادایە، کە نرخی ناوەخۆیش زیادببێت، کە لە بەرئەنجامدا پرۆسەی هەناردەش پێش ناکەوێت، ئەگەر بڕی باج کەم بکرێتەوە بەرهەمهێنەرانی گەنم دەتوانن بەو سوودە سەرمایەگوزاریەکی زیاتر لەناو ڕووسیادا بکەن و ئێستە ناچارن، کە سوبسید یاخۆ یارمەتی لە حکوومەت وەربگرن. ئەو ئابلۆقە ئابووریە، کە بەسەر کالاکانی کشتوکاڵدا پێڕەو دەکرێت بایی بڕی 8,4 ملیارد دۆلارە. لە کۆتایی ساڵی 2014دا بە قەبارەیەکی زۆر گەورە هەناردەی بیلاڕووسیا بۆ ڕووسیا زیاد بوو، ئەوەش بوو بە کێشەیەک لە نێوان ئەو دوو ولاتەدا، ڕووسیا لەو بڕوایەدایە، کە ئەو کالا زیادە هەناردەکراوانە هەر هەمان کالای خۆراکی قەدەخەکراون، کە دووبارە بە ڕووسیا دەفرۆشرێنەوە، ئەو ولاتەش لە وەڵامدا گومرکی بەسەر کالاکانی ڕووسیادا سەپاند. ئێستە حکوومەت بیری لە سوبسیدکردنی تۆوی چاندن کردووەتەوە.

### بازاڕی کار لە سەرەتای تاقیکردنەوەکاندا

لەو ساڵانەی دوایدا هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی چالاک لە ڕووی ئابوورییەوە لە تەمەنی (20 64-) ساڵیدا بەدی دەکرێت لە ساڵی 2012- 2013دا گەشەی کەمبوونەوە لەو تەمەنەدا بە ڕێژەی 0,7% ساڵانە بووە. بە دریژایی میژووی نوێی ڕووسیا ژمارەی دامەزراوان و کرێکاران لە کەرتەکانی وەکو (کشتوکاڵ، پیشەسازی و کانزاکان) تا ئەو رادەیە بەرزی و دابەزینی بەخۆوە نەبینیبوو. لە ساڵانی 2006 - 2013 ڕێژەی مامناوەندی ئەو کەمبوونەوەیە لە 4% بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە ژمارەی بەکاربەران لە کەرتەکانی وەکو (بازرگانی، ئاوەدانکردنەوە، دارایی و خزمەتگوزارییەکان) زیادی کردووە و لە ساڵانی 2006 - 2013بە ڕێژەی لە 2%بووە. لە ساڵی 2014 دا ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕووی دامەزراندنداهەر بەو شێوە بەردەوامبوونە، بەڵام لە کەرتی ئاوەدانکردنەوەدا ڕێژەی دامەزراندن کەمبووەتەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی کاری ڕووسیای فیدراڵ ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2015 بە پێچەوانەی پێشبینییەکان زۆر بەرز دەبێتەوە، هەر ئێستە لە ئاستی لە 8% واتە تا ئێستە 650 هەزار کەس وەکو بێکار ناونووسکراون ئەوەش تەنیا ئاماری ڕەسمییە، بەڵام پسپۆرانی نێزیک لە حکومەت بڕواناکەن، کە ئاستی بێکاری وەکو ساڵی تەنگژەی جیهانی 2009ی لێبێت، لەو کاتەدا، کە لە 34%بوو، لەوانەیە لە ساڵی 2015دا بگاتە لە 18%یش. لە ساڵی 2015 دا حکوومەت ڕێکاری هێشتنەوەی دامەزراوانی لە زۆرینەی کەرتەکانی حکوومی و تایبەتدا بە مەرجی دواخستن و پێنەدانی موچەیان گرتووەتەبەر.

### گەورەترین وڵاتانی هەناردەکەری جیهانی ئەنجوومەنی تەناهیی ڕووسیا: نێزیکەی 2 هەزار هاووڵاتی ڕووسیا لەگەڵ داعشدان

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی تەناهیی ڕووسیا (لۆکیانۆڤ) وتی: نێزیکەی 2 هەزار هاووڵاتی ڕووسیا لە ریزەکانی داعشدا هەن و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ڕووسیا بە تایبەتی کاتێک، کە دەگەڕێنەوە. بەشێک لەو تیرۆریستانە بەناوی توریست دەگەڕێنەوە ناو تورکیا و دەچنە باڵێوزخانەی ڕووسیا لە تورکیا و داوای بەڵگەنامەی نوێ دەکەن و دووبارە دەگەڕێنەوە ڕووسیا، ژمارەی هەرە زۆریان نیشتەجێی قەفقاز و دەروبەری کەنارەکانی ڕووباری ڤۆڵگانە. د. ئیکەتیرینا ستیپانۆڤا سەرۆکی گرووپی لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانی جیهانی سەربە ئینستیتوتی ئابووری جیهانی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیە ئاماژە بۆ گرووپە تووندڕۆکانی ئیسلامی جیهادی دەکات: ((دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنەمای گرینگ چێکراوە، یەکێکیان جیهادییەکانی هەرێمی، کە لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە پێکهاتوون هۆکاری لە خواردەوە بۆ سەردەوە گرینگە و ئەو بزووتنەوەیە دەیەوێت دەسەلاتەکانی بەسەر هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پەرەپێبدات، هۆکاری دووەم جیهادی گلۆبالییە و مەبەست ئەو تۆڕە نیمچە نهێنی و ئاشکرایانەیە، کە لە 70 ولات پتر لە جیهاندا چالاکن)). بۆ ڕووسیا تەناهیی قەفقاز زۆر زیندەگی و زۆر گەورەیە بۆ ئارامی ئەو ناوچەیە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک ڕووسیا دژی تیرۆریزمە. لە ساڵی 2015 دا باسی بەشداری 1700 هاووڵاتی ڕووسیا تەنیا لە عێراق دەکرێت، ئێستە بەشداربووان تەنیا لە قەفقازەوە ناچن، بگرە لە کەنارەکانی ڕووباری ڤۆڵگا و ئورالیش بەشداری تێدا دەکەن.پسپۆری ئینستیتوتی نەتەوەیی و سەرنووسەری گۆڤاری (جیهانی ئیسلام) ڕەئیس سولیمانۆڤ دەڵێت: کە زیاتر لە 5هەزار کەسی موسڵمانی لایەنگری گرووپە تووندڕۆکان و داعش لە موسکۆ هەن و پشتگیری لە بیروبۆچوونەکانی ئەو گرووپە دەکەن. هەروەها سەرۆکی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی ئاین و کۆمەڵگە (ئەلکسێ گریشین)یش دەڵێت، کە تەنیا لە موسکۆ لە نێوان 300 هەتا 500 کەس پروپاگەندەی ڕاستەوخۆ بۆ داعش دەکەن لە ڕابردوودا تەنیا باسی مەترسی قەفقاز دەکرا ئێستە خوێندکارانی زانکۆی موسکۆش پێوەندی بە داعشەوە دەکەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بە زمانی ڕووسیایی (- 5 10) هەزار کەس پروپاگەندەی ڕاستەوخۆ بۆ داعش دەکەن پروپاگەندەکانیان زیاتر بە ئاراستەی موسڵمانان، تاتارەکان و خەڵکی ئاسیای ناوەڕست و ڕووسەکانە.

## چەمکی سیاسی

# جیهانی سێ

دەستەواژەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییە ، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە سەر بە جیهانی یەکەم و دووەم نین کە بریتین لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان . ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1956لەلایەن ئەلفرێد سومێ بەکار هێنراوە . بە گوێرەی لێکدانەوەی ژمارەیەک توێژەریش ، جیهانی سێ ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بە هیچ شێوەیەک سوودیان لەو شۆڕشە پیشەسازیە نەبینی کە لە سەدەس نۆزدە بەرپا بوو ، بۆیە زیاتر بە وڵاتی دواکەوتوو ناو دەبرێن .





# کۆریای باشوور و تەنگژەی (دراو)

هوین کیم

کۆریای باشوور، توانی لە دەیەی رابردوودا زۆربەی دیاردەکانی ئابووری گەشەکردوو لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، بەڵام بە دراوێک بەرەو بیستەکانی سەدەی 21 هەنگاو دەنێت، کە هێشتا بەڕوونی گەشە کردوویەکی تازەیە.

ناشکرێت راستەوخۆ (وون)ی کۆریی بگۆڕدرێت، ئیللا بە دۆلار و دراوی چین نەبێت، کەچی لە دەرەوە مامەڵە بە (یوان) دەکرێت لە شەنگهای دا. لەوەش پتر، بازاڕی سەرفکردنی پارەی بیانی لە وڵاتدا، کە قەبارەکەی 50 ملیار دۆلارە، رۆژانە تەنیا بۆ ماوەی شەش کاتژمێر و نیو دەرگاکانی دەکاتەوە. دەتوانین بڵێین، سیستمی سنووردارى مامەڵەکردن بە دراوەکان لەو وڵاتەدا - ئەوەش سیمایەکی بەرچاوی زۆربەی بازاڕە تازە گەشەکردووەکانە- لەگەڵ ژینواری ئابووری ئێستا وڵاتەکە ناگونجێت. لی جانگ یۆنگ، جێگری پێشووی بەڕێوەبەری فەرمانگەی سانسۆری دارایی دەڵێت:"دەسەڵاتداران لەوە دوو دڵن، وون بکەنە دراوی مامەڵەکردن لە دەرەوەدا. لەوەش دەترسن، خاڵی لاوازی دارەوەکە لەلایەن وەبەرهێنەرانی بیانی بقۆسترێتەوە، بۆ ئەوەی هێرشی توند بکەنە سەر بازاڕەکانمان". ناوبراو پێشی وایە، ئەو ترسەی دەسەڵاتداران، رەگێکی قوڵی لە قەیرانی دارایی ئاسیادا هەیە، ئەوەی لە دوادوایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو رووبدا، ئەو دەمەی دارایی کۆریا، بەهۆی کێشانەوەی دارایی جیهانی، بڕە پارەی زۆر لە وڵاتدا داتەپی. بەشێکی زۆری بەرپرسانی ئێستای حکوومەت، لە سالی 1997 پۆستی گرنگیان لە حکومەتەدا هەبوو، ئەو دەمەی وون لە ماوەی دوو مانگدا، نیوەی بەهاکەی خۆی لە دەستدا. ئەوان هێشتا لە بیریانە، لە رۆژنامەکانەوە هێرشی توندیان کرایە سەر، چونکە وڵاتیان دەستخەڕۆ کرد و ناچاریان کرد، بەو هەموو قەرزەی کەوتبووە سەرشانی، روو لە سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بکات، بۆ ئەوەی رزگاری بکات. لێکەوتەکانی جەنگی بازرگانیی ئێستای نێوان ئەمەریکا و چین و ناکۆکی کۆریا لەگەڵ ژاپۆن، کار لەسەر تۆکمەکردنی مێشکی بەرگریکردنی دروستکەرانی ئۆتۆمبێل دەکات. کە لەو سالەدا، بە نیگەرانییەکی زۆر و، مانگ لە دوای مانگ، چاودێری پاشەکشەکردنی هەناردەکانیان کردووە. هەر گۆڕانکارییەک لە سیستمی دراو لە ئێستادا، لەو کاتەدا دەبێت، کە کۆریا رووبەڕووی هەڵکشانی چین، وەکو رکابەرێک لە بواری داهێنانی تەکنەلۆجیا دەبێتەوە، کەچی وڵات لە هەوڵی خۆ گونجاندن لەگەڵ تێکڕاییەکانی گەشەکردنی هێواش دایە، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە وەرچەرخان بەرەو ئابووریەکی پێگەیشتوودا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆریا دەقاودەق پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە، بە گوێرەی وتەی بانگەوازخوازانی وون، هاوشێوەی لی یۆنگ، کە دەڵێت، کەمکردنەوەی پشت بەستن بە دۆلار، لە مەترسییەکانی زەبری دەرەکیش کەم دەکاتەوە. ناچاربوونی گۆڕینی وونیش بە دۆلار، پێش گۆڕینەوەی بە دراوی دیکە، هاوشێوەی یۆرۆ و یەن، خەرجییەکان بۆ کۆمپاناکانی کۆریا بەرز دەکاتەوە، ئەنجامدانی کاری بازرگانیش ئالۆز دەکات. پێشبینی دەکرێت، رێگەدان بە بەکارهێنانی دراوێک بە دریژایی رۆژ لە بازاڕەکانی جیهان، ببێتە هۆی کەمکردنەوەی گوزمەی گۆڕینی دراوەکە، لەگەڵ هێنانی رکابەریی توندتر بۆ سەر کۆمپانیاکانی دارایی خۆمالێدا. هاوشێوەی ڕەوشی ئێستا، پێویستە وەبەرهێنەران پشت بە گرێبەستی لێکەوتەکان ببەستن، ئەوەی بە ناوی گرێبەستی پێشکەشکراوی رادەست نەکراو ناسراوە، لەبەر بەگژداچوونەوەیان بۆ وون لە دەرەوەدا. ماوەی بەکارهێنانی سنووردارییش لە سیئۆل، لە نۆی بەیانی تاکو سێ و نیوی ئێوارە دەبێت. لەوکاتەی بازرگانیی دەرەکی، لەوانەیە سوودمەند بێت، لەسەر حکوومەت پێویستە، پێوانی مەترسییەکانی کاریگەریی لاوەکیی بکات، وەکو ئەوەی وەزارەتی دارایی باسی کردووە. بەرپرسێکی گەورە کە رازی نەبوو ناسنامەکەی ئاشکرا بکرێت، وتی، بۆ گوزەرکردن لەگەڵ سیاسەتی وەزارەتدا، پێشبینی دەکرێت، کاریگەرییەکی گەورە لە بازاڕەکاندا هەبێت، هەر گۆڕانکارییەکیش لە بنەماکان، دەبێت پلە بە پلە بێت. گرنگترین گەشەکردنیش لە ساڵانی دوایی، گۆڕینی وون بە یوان بوو لە سیئۆل لە ساڵی 2014دا، لەگەڵ درێژکردنەوەی بۆ شەنگهای دوای دوو ساڵ. هەروەها لە ساڵی 2016یشدا، کۆریا هەڵسا بە درێژکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارپێکردنی دراوی وون، بە نزیکەی 30 خولەک. نیگەرانییەکانی کۆریا، رەنگدانەوەی بە سەر قەبارەی یەدەگی دراوەکانی دەرەکیدا هەبوو، کە بڕەکەی زیاتر لە 400 ملیار دۆلارە، ئەوەش وایکردووە، ببێتە یەکێ لە گەورەترین 10 وڵات لە جیهان لەم رووەوە. هەرچەندە کۆنترۆڵێکی توندی بەکارهێنانی دراوەکان کراوە، کەچی سندوقی نەخێتنەی نێودەوڵەتی، کۆریای بە (ئابووریەکی پێشکەوتوو) وەسفکردووە، لەوکاتەی بەنکی نێودەوڵەتی بە(ئابووریەکی داهات بەرز)ای پۆلێن کردووە. هێزی هەناردەکردنی کۆریا، وای لەو وڵاتە کردووە، ببێتە پێشەنگ لە بواری تەکنەلۆجیا و وارێک بۆ داراوەکانی بازرگانیی، ئەوەی بەکارهێنەران پێیان باشە و لە سەرتاسەری جیهانیش ناسراوە. داهاتی تاک تێیدا لە 30 هەزار دۆلار رەتیداوە، حکومەتیش بەم دواییە، وازی لە جیاوەکانی وڵاتانی گەشەکردوو لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی هێناوە. هەتا کێشەکانیشی-لە دابەزینی هەڵایسان بۆ دابەزینی تێکڕای مردووەکان- تێیدا لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور بەشدارە، زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی گەشەکردوو لە ئاسیادا.

**و: ڕەمزی میرەکانی**

**سەرچاوە:**
**www.alittihad.ae**

# تەرەمپ: پیلۆسی دەترسێت لە ناردنی داواکە بۆ ئەنجوومەنی پیران

## سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ: پیلۆسی، ئەوەندە بەزەیی بەو یارییە سەختەییەی لەسەرکارلادانیدا دێت، دەترسێت لە ناردنی داواکە بۆ ئەنجوومەنی پیران

لەپاش پەسەندکردنی ماددەکانی لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، نەناردنی ئەو پرۆژە داوایەی کە ماددەکانی لە خۆگرتووە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بووە هۆی مشتومڕ لە ناوەندی سیاسی ئەمریکی.سەرەڕای ئەوەی ماددەکانی لەسەرکارلادان تەرەمپ کە دوێنێ شەو لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکرا و بریتی بوون لە "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات" و "تەگەرەخستنە بەردەم کاری کۆنگرێس" بەڵام پرۆژە داواکە نەنێردرایە ئەنجوومەنی پیران و ئەوەش سیاسەتمەدارەکانی وڵاتەکەی نیگەرانکرد.



### پیلۆسی، دەترسێت ئەم داوایە بنێرێت بۆ ئەنجوومەنی پیران

سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ، لە رێگەی هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەرەوە رایگەیاند، کە ماددەکانی لەسەرکارلادانی بەبێ پشتگیریکردنی تەنها یەک ئەندامێکی کۆماریی پەسەندکرا و نووسیبووی: "دیموکراتەکان بەردەوامن لە گەورەترین جادوگەریی لە میژووی ئەمەریکادا. ئێستاش دیموکراتەکان ماددەکانی لەسەرکارلادانی نانێرنە ئەنجوومەنی پیران بەڵام ئێستا ئەم داوایە هی ئەنجوومەنی پیرانە".

ترەمپ، لە تویتێکی دیکەیدا، رایگەیاند کە دیموکراتەکان خراپ بوونە بۆ ئەمریکا، "پیلۆسی، ئەوەندە بەزەیی بەو یارییە سەختەییەی لەسەرکارلادانیدا دێت، دەترسێت لە ناردنی داواکە بۆ ئەنجوومەنی پیران. لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی پیران، رێککەوتێکی دیاریکردووە بۆ دادگاییکردن، و سەرجەم ئەم ساختەچییەتیە دەنێرێتەوە بۆ شوێنی خۆی".

### هیچ ترسم لەو دادگایە نییە کە ئەنجوومەنی پیران دایدەمەزرێنێت

سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجوومەنی پیران، میتچ ماککۆنێل لە روونکردنەوەیەکدا، گوتی: "هیچ ترسم لەو دادگایە نییە کە لە ئەنجوومەنی پیران رێکدەخرێت. پیلۆسی، بیرلەوەدەکاتەوە کە داواکەی لاوازە و ئەگەر نەینێرێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ئەوە فڕێمبدەنە ناو ئەو دارستانە".

### دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەمان دەوێت

لەلای خۆیە سەرۆکی کەمینە لە ئەنجوومەنی پیران، چوک شومەر لە روونکردنەوەیەکدا رایگەیاند، ماککونیل، داواکردنی شایەتیکردنی خۆی ڕەتکردووەتەوە و گوتی: "من و پیلۆسی تەنها یەک شتمان دەوێت ئەویش داگاییەکی دادپەروەرانەیە. من لە مێشکمدا شایەت و بەڵگەکان هەیە بۆ دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە. ئەگەر ئەمانە نەبێت دادگا نابێت.

## مانشێت



**سکای نیوز:**
پەرلەمانی بەریتانیا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر چوونەدەرەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا دا ، ئەمەش بە یەکەم سەرکەوتن دانرا بۆ سەرۆکوەزیران .




**ئیلاف:**
وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا رایگەیاند کە هەمیشە گومان پیشان دراوە سەبارەت بە سەرکەوتن بەسەر رێکخراوی تاڵیبان لە ئەفغانستان .



**ئەی ئێف پی:**
پارتی بەدیل لە پێناوی ئەڵمانیا کە یەکێکە لە پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەڵمانیا بە دەستی تەنگژەی دارایی‌یەوە دەناڵێنێ ، بڕیە داوای لە لایەنگرانی کرد یارمەتی بدەن .



**ڕۆیتەرز:**
کۆریای باکوور هۆشداری دایە ئەمەریکا لەوەی لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە ڕەخنەی ئاراستە بکات .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
دادگای فیدراڵی بەلجیکا سزای بەندکردنی پێنج ساڵی بەسەر سێ ئافرەتی داعشدا سەپاند هەروەها بڕیاری دا ڕەگەزنامەشیان لێ وەربگیرێتەوە .




**کەنالی ئار تی :**
سەبارەت بە ئازادی بیروڕا ، واشنتۆن سودانی لە لیستی ڕەش دەرهێنا .

# میران بورهان: ناوبانگ بوون ئازادی و سەربەستیت لێ دەسەنێتەوە

سوارن سلێمان

هونەرمەندی دەنگخۆش میران بورهان کە لە ماوەیەکی کورتدا دەنگدانەوەیەکی زۆڕ باشی هەبوو هەروەها توانی هەواداریکی زۆریش بۆ خۆیی کۆبکاتەوە

لەم چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسێکی کورتی ژیانی خۆیی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1985 لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، هەروەها خوێندنی کۆلێژم هەر لە سلێمانی تەواوکردووە، کە کۆلێژیی ئەندازیاری لە بەشی تەلارسازی، وەکو خولیا هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای وەرزشم هەبوو، و هەر خەریکی وەرزش کردن بووم ، بۆ ماوەی " "دوو ساڵ یاریزانی تێنسی سەر مێز بووم ،و دواتر ماوەی 10 ساڵ یاریزانی تۆپی باسکە بووم، هەروەها وەک پیشەگەر لە خولی عێراق و کوردستان زانکۆکان بەشداریم کردووە ، دەربارەی هاتنە نێو دنیای هونەر دوە دەڵێت: دەسپێکی کاری هونەریم زۆر شتێکی لە ناکاو بوو چونکە پێشتر هیچ پلانێکم بۆی دانەنابوو واتە من قەد پێشتر بیرم لەوە نەکردبێوە کە رۆژێک بێم بە گۆرانی بێژ و گۆرانی بلاو بکەمەوە چونکە زۆر شتێکی لە پرو لە ناکاو بوو ، ئەویش لە کاتێکدا بوو بەهۆی ئەو گۆرانییەی بڵاوکردەوە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی بەخۆیەوە بینی هەروەها لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا گەرم و گوری خەڵک کاریگەری ئەو دەنگدانەوەی کەلە یەکەم گۆرانیم کرا وای کرد بەردەوامی پێ بدەم گۆرانی نوێ و زیاتر بلاوبکەمەوە ، سەبارەت بە بلاوکردنەوی یەکەم بەرهەمی گۆرانییەکەی دەڵێت: لە ساڵی 2017 یەکەم گۆرانیم بەناوی "نەگۆراوم" بڵاوکردەوە، گوتیشی (3) مانگ پێش ئێستا قیدیۆکلیپێکم بەناوی(پێم بڵێ تۆ) بڵاوکردەوە کە ئاوازو تێکستی لە لایەن خۆمەوە بۆی دانراوە، و لە ئێستاشدا خاوەنی زیاتر لە 8 بەرهەمی گۆرانی تایبەت بەخۆمە، ئاماژەی بەوەش دا گوتی: من هونەرم وەک حەز هەڵبژاردوە نەم کردووە بە پیشە، سەبارەت بە پشتگیرییەکەی دەڵێت: خێزانەکەم و کۆمەڵێک لە هاوڕێی خۆشەویستەکانم زۆر پشتگیریی من دەکەن لە کارە هونەرییەکانم، لە وڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا ناوبانگ بوون چ شتێکی لێ سەندووە؟ دەڵێت: ناوبانگ بوون ئازادی و سەربەستیت لێ دەسەنێتەوە و هەندێک جار وات لێ دەکات کە لە هەمو شوێنێکدا نەتوانی خۆت بیت ، گوتیشی: لە ئێستادا هیچ ئەلبومێکم نییە بەڵام لە داهاتوودا ئەلبومێکم دەبێت ، باسی لە چونییەتی پێشخستنی هونەری کوردی دەکات و دەڵێت : بەرای من پێشخستنی هونەری کوردی لە ئێستادا بە زیادکردنی لایەنی ڕۆشنبیری موزیکی واتە ئێمە ڕێژەی گۆرانی بێژمان زۆرە بەڵام لە هەمان کاتیشدا میوزیک ژەفان کەمە ، گۆرانی بێژمان هەیە بەڵام لە میوزیک نازانێ، و هەروەها لێرە زۆر گرنگی بە کەسانی ئەکادیمی نادرێت کە لەو بوارەدا شارەزان ، و دەبێت پەیانگاو خوێندنی ئەکادیمی تایبەت بەو بوارە بکرێتەوە، و بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێندرێت لە ڕۆشنبیری میوزیک تێگەن،

لە ئێستادا من هەر لە بواری ئاوازی مێن، و لە ئێستاشدا ڕێژەی گۆرانی بێژمان بەرزە بەڵام پاڵ ئەوەی کە گۆرانی بێژم تێکست و ئاوازیش دەنوسم ، دوو لە گۆرانییەکانم لە تێکست ، ئاوازی خۆمە ، بەڵام لە نوسینی تێکست دا باشترم وەک لە نوسینی میوزیک ، هەروەها ڕۆربەی گۆرانییەکانم لە تێکست ئاوازی مێن، و لە ئێستاشدا ڕێژەی گۆرانی بێژمان بەرزە بەڵام ، کوالیتی گۆرانییەکانمان دابەزیوە ، هەروەها کوالیتی دەنگ و گۆرانییەکان بەرزن بەڵام بەڵام دیسان کوالیتی تێکست و میلودییەکانمان دابەزیوە، بەڵام گەورە (کازم ساهر) م ،سەبارەت بە نوێترین بەرهەمی دەڵێت: لەئێستادا (2.3) گۆرانی نوێم بەدەستەوە خەریکی کارکردنین لە سەر ئەو بەرهەمە نوێیانە انشاءالله بەو زووانە بڵاو دەبن، لە کۆتایدا دەڵێت: هەموو هونەرمەندێک هونەرەکەیان بە خۆشەویستیەوە بکەن نەک بۆ مەرامی تایبەتی یان بۆ خۆ دەرخستن بێت بەڵکو هونەر دەبێت خزمەت کردن بێت بە خەڵک ئەگەر خزمەتێکی بچوکیش بێت باشترە لەوەی هیچ مەرامێکی لە پشتەوە بێت ، و هیواداریشم گوێ گران کاتێک گۆرانییەک یان بە دڵ نەبێت تەنها ڕەخنەکانیان لە ئاستی گۆرانییەکە بێت نەک لە خودی کەسایەتی هونەرمەندەکە یان ڕەخنە لە ژیانی تایبەتی هونەرمەندەکە بگرن، و هیوادارم ئاستی ڕۆشنبیریان وای لێ بێت لەوە تێبگەین کە بەستنی نێوان گوێ گران هونەرمەند تەنها گۆرانی و کارە هونەرییەکانییەتی نەک ژیانی تایبەتی کە هیچ پەیوەندییەکی بە خەڵکەوە نییە.






## کتێبی چوارچێوە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دارایی)

### ڕۆژنامەی خەبات

ئەم کتێبە نووسینی دەبڵێو. پاڵاتی ئۆفوستۆ- ئێماە، ڕاج سوپرامانیان، کیشور ناپرێتی، لە لایەن ئەحمەد ڕەنجبەر وەرگێردراوەتە سەر فارسی و بە قەڵەمی کاروان کەریمخان لە فارسییەوە کراوەتە کوردی. ئەم کتێبە بە ئامرازی یاسایی لێکۆڵینەوە لە بارەی هەوڵی وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکات و یاسای لەبار و گونجاو وەک دەزگایەکی ڕەق و کارا بۆ تونەوبەندکردنی ئیرادەی سیاسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە تۆکمەیی و وردی بەکار دێنێت. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە یاسا دەتوانێ ئامرازێکی بێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی دارایی و تەنانەت دەتوانێ لە دوورمەودادا ببێتە هۆی فەرهەنگسازی لە دژی گەندەڵی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لێکدانەوەی ڕوانگەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە لە ناو سیستەمە یاساییەکانی وڵاتانی جیهان.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک دێت و لە بەشی یەکەم گرینگی دەداتە ئامرازە ڕێگر و چاکسازییەکانی گەندەڵی بۆ ئەوەی کەشێکی دوور لە گەندەڵی بێتە ئارا. بەشی دوەم شێوازی ڕێگری کردن لە گەندەڵی لە ڕێگەی یاسای چاودێری کارگێڕی دارایی و دابین کردنی بودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دابین کردنی کالا و خزمەتگوزاریی گشتی تاووتوێ دەکات. لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ئامرازی چاکسازی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەخرێتە بەر باس کە بریتین لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی و دواتر پرۆسەی دادگایی. بەشی چوارەمی کتێبەکە شێواز و هەوڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگار بوونەوەی تاووتوێ دەکات. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانە تەنیا ئەزموون و ئامرازێکن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. سەرکەوتووترین هەنگاو ئەوانەن کە پشتیوانی ئیرادەی سیاسی و سەرچاوەی پێویستیان بۆ ئامادەکاری و بەردەوامی هەبێت. وتاری تەڕ و بریقەدار، بەیاننامە و تەنانەت یاساکانیش، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ئەلتەرناتیڤی گونجاو بن بۆ ئیرادەی سیاسی و نییەتی ڕاستەقینەی پێویست بۆ پێشگری لە تەشەنەکردنی گەندەڵی. لە کاتی ئێستادا کە کوردستان هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەست پێکردوە و هیوای دروستکردنی کوردستانێکی بەهێزی هەیە پێویستە گرینگی بدرێتە بابەتی گەندەڵی و ڕێگە نەدرێت گەندەڵی هیوای پێشکەوتن و سەربەخۆیی بنچاڵ بکات. بۆ ئەمەبەستە جگە لە کاری فەرهەنگسازی و ئیرادەی سیاسی پێویستە یاسای تۆکمە و لەبار و بەهێز بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێن. ئەم کتێبە ئەزموونی یاسایی وڵاتە جۆراجۆرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێشانی کوردزمانەکان دەدات.

## وەرزش لەکاتی دووگیانیدا

## دکتۆرە سومەییە عەتا: پێویستە ئافرەتی دووگیان وەرزش بکات لە کاتی دووگیانی بۆ پاراستنی لەش لە کێشی زیاد و بۆ پاراستن لەزیانەکانی نە جۆلاندن و ئاسانکارە بۆ منداڵبوونی سروشتی

وریشە عومەر

دکتۆرە سومەییە عەتا پسپۆڕی ئافرەتان و لەدایکبوون لە وەڵامی پرسیاری (ڕۆژنامەی خەبات) دا دەربارەی وەرزشکردن لە کاتی دووگیانیدا بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:پێویستە ئافرەتی دووگیان وەرزش بکات لە کاتی دووگیانی بۆ پاراستنی لەش لە کێشی زیاد و بۆ پاراستن لەزیانەکانی نە جۆلاندن و ئاسانکارە بۆ منداڵبوونی سروشتی

بەرنامەی تایبەت بەخواردن، لەلایەن پزیشکی خۆت وەرزش بکرێت بۆ پاراستن لە زیانەکانی نە جۆلاندن و هەروەها یارمەتی و ئاسانکارە بۆ منداڵبوونی سروشتی پێش هەموو شتێک دەبێت بە وریایی وەرزش بکرێت بژیەپیویستمان بە کات و بە ئاو خواردن و هەرچەندە تۆ ئەگەر یاریزانیش بیت دەبێت بە دوورین لەخلیسکێنەو دووگۆڵی و ژێر ئاو کەوتن واتا ئەگەر تازە سپۆرتیش ئەکەی دەبێت ڕێشتن و یۆگاو هەڵگرتنی شتە سوکەکان و ئایرۆبک و دەبێت بە وردی و ئاگاداری و سێ ڕۆژ لەحەفتەیەک بێت بۆ ماوەی ١/٢ سەعات دەبێت ئاو بخۆرێت بە دیاریکراو نابێت زۆر لەسەر پشت دوای ٣ مانگ یەکەم و سپۆرتی گیگل واتا گرژکردنی ناو لەش زەروورە بۆ ئاسانی منالبوونی سروشتی و دەبێت سکوات دوایی ٣٦ حەفتە بکرێت بۆ ئاسانی منالبوونی سروشتی ، بەڵام هەرکات ئازار یان خوێن یان گرژبوون هەبێت بە وەرزش دەبێت بوەستێت و ئاگاداری پزیشک بکەیت.






## لە منداڵێکی ژیر بۆ گەنجێکی موعتاد

## جیهان بە چاوێکی کوردیانەوە



لوزان فوئاد

بەرە بەرە لە وەرزی بەفربارین نزیکتر دەبینەوە شەقامەکان بە گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ دەنەخشێنرێت سنوبەرەکان بە بوکی کریسمس دەڕازێنرێتەوە لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە کۆتاییەکانی دیسەمبەر هەر یەک لە ئێمە یادەوەرییەکی بە بیر دێتەوە لەگەڵ کۆتا چرکەکانی ساڵ زۆربەی کەنالە فیلمییەکان منداڵێکی جوان و ژیر تەمەن هەشت ساڵ نیشان دەدەن کە لەگەڵ خانەوادەکەی خۆی ئامادە دەکات بۆ گەشتی کریسمس بۆ وڵاتی فەرەنسا ،لە خانەوادەیەکی گەورە و فرە ژمارە دەبێت بۆ زوو گەیشتنیان بۆ فرۆکەخانە و شڵەژاوبەکی زۆر (کێشۆ)ی هەشت ساڵ لە ماڵ بە جێ دەهێنێ و دوو دز هەوڵێ تالانکردنی ماڵی کێشۆ دەدەن بەڵام ئازایانە وسەرکێشیانە خۆی دەرباز دەکات، کێشۆ کە ناوی ڕاستەقینەی (مارکۆڵی کۆڵکن)ە لە دایک بووی 1980یە لە خانەوادەیەکی هەژار هاتوودتە دونیا باوکی ئەکتەر بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لە کارەکەی بۆیە هەر زوو دورخراوەتەوە ، مارکۆڵی ئارەزووی خوێندنی سەمای بالێتی هەبووە، بەڵام باوکی ڕێگربووە هانی کوڕەکەی ئادا بۆ چوونە ناو جیهانی سینەما و ئەکتەری، لە کاتی نمایشکردنی فیلم لە سینەماکانی نیویۆرک لە ژووری سینەما دەمایەوە لە کۆتایی فیلمەکان بە ژێر کورسییەکان دەگەڕا بۆ ئەوەی چەند سەنتێک کۆبکاتەوە کە لە ئامادەبووی فیلمەکان کەوتووە و بیخاتە دەستی باوکی، لە وەرزی پشووی خوێندنا باوکی بە زۆرداری هانی مارکۆڵی دەدا لە یەک ڕۆژدا 9 (نۆ) نمایشی ئەکتەری بکات و ئەگەر یەک نمایش ئەنجام نەدات و کەمتەرخەمی بنوێنێت لە کۆتایی ڕۆژرکە سزای ئەدا بە لێدان، باوکی دەیویست پارەی پێ پەیدا بکات کاتێک خۆی بێ کار بووە، پاش دەرهێنانی فیلمی (بە تەنها لە ماڵێکدا) ساڵی 1990 سەرکەوتنی زۆری بە دەست هێنا لە گشت سینەماکان نمایش دەکرا خەڵاتی ئۆسکاری بە دەستهێنا و چەکێکی پارەی بیست و پێنج هەزار دۆلاری خستە باخەڵی باوکی، لە پاش ئەم فیلمە مارکۆڵی تا چوار ساڵ ڕۆڵی سەرەکی لە دیهان فیلمی دیکە وەرگرت ، بەڵام شکستە گەورەکە لە ناکاو بوو مارکۆڵی لە تەمەنی چواردە ساڵی خۆی دووخستەوە لە متمانەی خۆی نەدۆراندووە. (بەدەل ڕەفۆ) لە کتێبی (جیهان بە چاوێکی کوردیانەوە) ئەو دیهنانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە لە گەشتەکانی بۆ وڵاتانی جیهان وەک ( هیندستان و یۆگسلافیای کۆن ومیسرو فەرەنسا و جەزائیر) و چەندین وڵاتی دیکە بینیویەتی، بە جۆرێک جوگرافیاو میژوو و نەخشەی بیرو باوەریان هەموو ئەو زانیاریانە وەک گەڕیدەیەکی شارەزا تۆمار دەکات و بلاویان دەکاتەوە.




نمایشکاری بە هۆی باوکی کە باسی دەکات کەسێکی تووندڕەو بووە و بە باشی مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرد ئەو دەڵێت "لەپاش هەر ڕۆڵ گێڕانێکم کە دەگەڕامەوە لێی دەدام من دەتوانم زەبری ئەشکەنجەکانی باوکمتان نیشان بدەم ئەو نەک تەنها لەسەر جەستەم بگرە کاردانەوەی دەروونی خراپی بۆ بەجێ هێشتم" خراپ مامەڵەکردنی باوکی مارکۆڵی دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئیرەیی بردنی و دەڵێت " من بە دە (10) ساڵی تەمەنم هەموو ئەو شتانەم بە دەست هێنا کە ئەو نیوەی بەسەربردنی تەمەنی هەوڵی بۆ ئەدا" باوکی دەیویست مارکۆڵی ڕاستەوخۆ ڕۆڵە جیاوازەکان ببینێت و ئامادەکاری پێشوەختەی بۆ نەکات ، موعتادی کحول و مەی بووە لە کاتی مەست بوونی پەلاماری منداڵەکانی دەدا و ئەشکەنجەی خێزانی ئەدا بۆیە زوو جیابوونەوە، مارکۆڵی لە تەمەنی چوارەدە ساڵی بڕیاری دەربازبوونیدا لە ماڵی باوکی هەوڵی گەڕان بە شوێن کەسایەتی خۆی و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ پۆلەکانی خوێندنی دەدا لە پاش دابڕانی تا ماوەیەکی زۆر بە تەنها لە یەک ژوور دەژیا خوی وەرگرتنی مادەی هۆشبەری دەستپێکرد تا موعتاد بوو ماوەیەکی دوور درێژ لە ژێر چاودێری پزیشک بووە و چارەسەری وەرگرتووە، لە ئێستادا کاری نووسینی ڕۆمان و کورتە چیرۆک دەکات، مارکۆڵی هەوڵی دەربازبوون لە چاوی کامێراکان ڕۆژنامەنووسان دەدات وەک خۆی دەڵێت " لە گەڵ خۆر هەڵهاتن لە ماڵ دەردەچم تاکو ڕۆژنامەوانەکان بە دوام نەکەون ،فیلمی بە تەنها لە ماڵێکدا کاتێک ئێمە بە شەوقەوە بینەری دەبین ئەو دەڵێت "هەرگیز تەماشای ناکەم چونکە یادەوەریە ناخۆشەکانم بە بیر دەهێنێتەوە" مارکۆڵی لە تەمەنێکی منداڵی زەرەمەندێکی گەورەی ژێر دەستی خانەوادەکەی بووە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە هەوڵی پەیدا کردنی پارەیان پێ ئەدا لە لایەن باوکێکی تووندڕەو و دەڵێت من لێبووردەم سەرەڕای هەموو ئەو سەرلێشێتاوایەی لە ژیانم بینیم و لە ئێستادا من لە ئێنانێکی ئاشتیدا دەژیم و بەنیازی گەڕانەوەم بۆ کاری دەرهێنان و ئەکتەری، بە بیرمان دەهێنێتەوە هیچ کات دڕەنگ نییە بۆ گەڕان بە شوێن خودی خۆمان.

## هۆشداری دەدات لە داخستنی یاریگای کامپ نو

# دوای رووداوەکەی کلاسیکۆ، یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانی یانەی بەرشلۆنە سزا دەدات

**خەبات: هاوار مورتکەیی**

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا سزای بەسەر یانەی بەرشلۆنەدا سەپاند و لەهەمان کاتیش هۆشداریەکی تووندی ئەو یانەیە کرد لە ئەگەری داخستنی یاریگای کامپ نوی تایبەت بە بەرشلۆنە، ئەویش بەهۆی هەڵدانی هەندێ تۆپ بۆ ناو یاریگا لەکاتی بەڕێوەچوونی یاریەکەی نیوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید، کە بەبێ گۆڵ کۆتایی هات.

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا لەراگەیەندراوێکدا کە پێری لە ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە رووبی کردۆتەوە کە ئەو سزادارایە لەئاکامی ئەوەدا بووە کە لەکاتی یاریەکەدا ژمارەیەک تۆپی دەریایان هاویشتۆتە ناو یاریگا و ئەمەش ئامانجێکی مەترسیدار و سەرپێچییە، یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ئەمە قبول ناکات.



لە خولیکی 55ی یاریەکەدا، بۆماوەی 90 چرکە یاریەکە وەستا دوای ئەوەی 9 تۆپیان هەڵدایە ناو یاریگا وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بەندکردنی 9 لە سەرکردەکانی کەتالۆنیا کە لە سالی 2017 داوای سەربەخۆیی هەرێمی کەتالۆنیان کرد، تۆپەکان ئامانجێک بوون بۆ ئازادکردنیان، کە ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئیسپانیایان نیگەران کرد و یەکێتی تۆپی پێی ولاتەکەیان ناچار کرد سزا و هۆشداریەک بدەنە یانەی بەرشلۆنە تا رووداوی لەمشێوەیە دووبارە نەبێتەوە.




جێی باسە دەبوا یاری کلاسیکۆ لە 26ی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدرایە، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی دەنگە نارازییەکانی شەقامی کەتالۆنیا لەبەرامبەر بەندکردنی سەرکردەکان، ئەو یاریە دواخرا، بەڵام هاندەرانی کەتالۆنیا دووبارە پشتیوانیان بۆ سەربەخۆیی لەناو یاریگادا راگەیاند و دژی دەسەڵاتدارانی مەدرید ئەو هەڵوێستەیان لە یاری کلاسیکۆ نواند.

## لەیاریەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

# دوای تۆمارکردنی گۆڵێک لێیان، یاریزانانی هەولێر یاریگایان جێهێشت

## پێشمەرگەی هەولێر و سۆران و سیروانی نوێ ڕکابەری پلەی یەکەم دەکەن

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

ئەم هەفتەیە خولی نایابی کوردستان پێی نایەگەڕی هەشتەم ، هەر کۆتایی هەفتەیەک گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ لەڕیزبەندی خولەکە لەنێوان یانەکان ئەنجام دەدرێت، هیچ یانەیەک بەبەردەوامی لەپێشەنگی خولەکە تائەم کاتە نەماوەتەوە، بەیەک دۆراندن و بردنەوە پێشەنگ دەستاوەدستی پێدەکرێت،ئەم پێنجەشممەیە گەڕی هەشتەم بەچەندین یاری گرینگ و هەستیار بەڕێوەچوو، لەگرینگترین یاریشدا لەرەواندوز



ئەنجام درا لەنێوان یانەی سۆران وهەولێر بوو،یاریەکە تاخولەکی 52 بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی گۆڵ تۆمارکردنی یانەی سۆران لەیانەی هەولێر، یانەی هەولێر بەپێی ڕاوبۆچوونی سەرپەرشتیاری تیپەکەیان بەهۆی نادروستی گۆڵەکە یاریگاکەیان جێهێشتووە و نەگەڕانەوەتە نێوکەشی یاریەکە، بۆیە ناوبژیوان فیکەی کۆتایی یاریەکە لێدا و چارەنووس و ئەنجامی یاریەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، ئەگەر ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی سۆران یەکلایی ببێتەوە ئەوا سۆران دەبێتە خاوەنی 15 خاڵ و لەپلەی دووەم بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر کەئەو لەپلەی یەکەمدایە.

لەلایەکی دیکەوە و لەیاری دووەمدا هەردوو یانەی زێرەڤانی وپێشمەرگەی هەولێر ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان کۆتایی هات ، بەم بردنەوەیە پێشمەرگەی هەولێر بەکۆزکردنەوەی 15 خاڵ بۆ یەکەمینجار لەم وەرزەدا هاتە پێشەنگی یانەکان، لەبەرانبەردا زێرەڤانی بەکۆزکردنەوەی 7 خاڵ هەر لەپلەی یازدەمینی ڕێزبەندی خولەکە مایەوە.

ئەنجامی یاریەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

پێشمەرگەی سلێمانی *0 برایەتی 0
دهۆک *1 شێروانە 0
سیروانی نوێ *0هەندرێن 0
نەورۆز *0زاخۆ 0

ئەم هەفتەیە یانەی دەربەندیخان چاوەڕوان بوو.

ڕیزبەندی هەفتەی هەشتەم خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- پێشمەرگەی هەولێر 15 خاڵ 2-سۆران 15 خاڵ 3- سیروانی نوێ 15خاڵ 4- برایەتی 14 خاڵ.

# کاپتنەکەی ئەرسنال بەراهێنەرایەتی گەڕایەوە یانەکەی



یانەی ئارسینالّ بەشێوەیەکی فەرمی راهێنەری نوێی دیاریکرد و میکایل ئارتیتای کرد شوێنگرەوەی ئۆنای ئێمریی ئیسپانی.

دوای ئەوەی ئۆنای ئێمری لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەی ئەرسنال دوورخرایەوە، بۆ چەند یارییەک فرێدی لیونبێرگی سویدی بەشێوەی کاتی ئەو ئەرکەی پێشپێردرا، بەڵام ئەنجامەکانی تا دەهات خراپتر بوون، بۆیە ئەرسنالّ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ میکایل ئارتێتای ئیسپانی ئیمزاکرد وەک راهینەری یانەکەیان.

میکایل لە یەکەم لێدوانیدا دوای وەرگرتنی پۆستەکە گوتی: شانازییەکی گەورەیە کە ببمە راهێنەری یانەی ئەرسنال، پێویستە ببینە یانەیەکی رکابەر لەسەر نازناوەکان و هاندەرانیش ئەوەیان دەوێ و منیش لە گفتوگۆکانمدا لەگەڵ کارگێری هەر ئەوەم باسکردووە، هەروەها دەڵێت: دەزانم کە زۆرشتمان لەبەردەمە بۆ ئەوەی بەدەستیانبهێنین و من کەسێکی لۆژیکیم و دەزانم کە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەوە بەدی نایەت، بەڵام یانەکەم خاوەنی بەهرەی باشە و ئەکادیمیایەکی گەورەی هەیە.

# ئاڵدێرقێریلّد بۆندەکەی لەگەڵ تۆتینهام دریژکردەوە

**سۆران سلێمان**

یانەی تۆتینهامی لەندەنی لە ڕاگەیاندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە زۆریان پێخۆشە کە تۆبی ئاڵدێرقێریلّد گرێبەستەکە لەگەڵ یانەکەی تا سالّی 2023 دریژکردەوە، لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: تۆبی پشتگیری و یاریزانێکی سەرەکیە بۆ ئێمە، و دڵخۆشین کە لەگەڵمان بەردەوام دەبێت.

تۆبی کە لە سالّی ٢٠١٥ یانەی ئەتلێتیکۆ مەدریدی بەرەو یانەی تۆتینهام جێهێشت گوتی: دڵخۆشم بە نوێکردنەوەی ئە و گرێبەستە و لەگەڵ ئەو یانەیەدا زۆر بەختەوەرم.

جێی باسە تۆبی ئاڵدێرقێریلد تا ئێستا 179یاری بۆ یانەکەی ئەنجامداوە، و پێنج گۆڵیشی تۆمار کردووە.



# سیرینا خاوەنی 66 ملیۆن دۆلارە

**سۆران سلێمان**

سیرینا ولیامس کە یاریزانێکی لێهاتووی تێنسی ئەمریکیە، لە ئێستادا لە ریزی پێشە وە ی ئە و خانمانە وەیە کە یاری تێنس دەکەن، و بەرای زۆربەی شارەزایان و یاریزانانی ڕابردووی ئەو بواڕە، دەڵێن ئەو باشترین یاریزانی یاری تێنسە، هەروەها لە مێژوودا تاکە یاریزانی تێنسە کە خاوەنی 66 ملیۆن دۆلارە.

ئەو خانمە توانی بگاتە ژمارەی پێوانەیی یارییەکانی نیوەی هەشتەم لە فلاشینگ میدوز لە خولی کۆتایی بۆ پاڵەوانێتی جیهانی، دوای ئەوەی توانی سەرکەوتن بە شێوەیەکی ئاسان بەدەستبهێنێت، و سیرینا گوتی: کە ئەو نازناوە گەورەی بە دەستهێناوە لە فلاشینگ میدوز لە سالّی ١٩٩٩ وە ٦ نازناوی لە پاڵەوانێتی ئەمریکا بەدەستهێناوە، و کۆتاییەکەشی لە سالّی ٢٠١٤ بەدەستهێناوە، گوتیشی یاری کۆتایی زۆر نوێ دەبێت بۆ من ڕاشکاوانە بڵێم ئەوە شێتانەیە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun.22. Dec. 2019 No: (5897)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


# پایتەختی کوردستان یەکەمین دیداری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لەئامێزگرت





**هەمزە سەرحان**


لە هۆڵی رۆشنبیری لە هەولێر، بە ئامادەبوونی (د. فەرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر، (د. سالار عوسمان) بەرێکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر، (سەلیم گەردی) جێگری بەڕێوەبەری گشتی و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و رۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکان و میوانانی ئازیز و دەزگا راگەیاندنەکان، (یەکەمین دیداری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، سەبارەت بە دیالۆگ، نوێخوازی، ئەدەب و داهێنان) بەڕێوەچوو.لە دەسپێکدا(فەرهەنگ غەفوور) وتاری بەخێرهێنانی پێشکەش کرد و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئامادەبوونی میوانان دەربڕی و جەختیشی لەسەر کارکردنی بەردەوام لەپێناو پێشخستنی هونەر و ئەدەب و رۆشنبیری کردەوە. ئینجا بەڕێز (د. فرست سۆفی)، وتەیەکی پێشکەش کرد و رۆڵی ئەدیبان و هونەرمەندانی لە پێشخستنی سەرخانی کۆمەڵگە بەرز نرخاند و دەستخۆشیشی لە سەرپەرشتیاران و ئامادەکارانی دیارەکە و بەشداران و ئامادەبووان کرد. لای خۆشیانەوە بەڕێز (د. سالار عوسمان) باسی لە پێگەی ئەدیبان لەناو کۆمەڵگادا کرد و پاڵپشتیی وەزارەتیشی بۆ هەموو چالاکییەکی هونەری و رۆشنبیری و ئەدەبی و کولتووری دەربڕی.چەند پارچە موزیکێک پێشکەش کران. ئینجا هەریەک لە (قوبادی جەلیزادە، دڵشاد عەبدوڵا، مەهباد قەرەداغی، موئەید تەیب) چەپکێ شیعریان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.بڕگەیەکی دیکەی دیدارە ئەدەبییەکە بریتی بوو لە، وەک هەمیشە ڕێزگرتن و خەڵاتکردنی کەسانی خاوەن بەرهەم لە بواری خۆیاندا.. بۆ ئەم مەبەستە (خەڵاتی قەڵەمی زێڕین) بەخشرا بە هەریەکە لە (سەعدوڵا پەرۆش- شاعیر)، (دایکا دالیایێ- شاعیر)، (رەئوف بێگەرد- نووسەر و وەرگێڕ)، (جەلال زەنگابادی- شاعیر و وەرگێڕ.

لە ڕۆژی هەینیدا ئەم چالاکیانە ئەنجامدرا:لە هۆڵی ئۆسکار لە هەولێر، دوو پانێڵی جیاواز پێشکەش کران، چالاکیی یەکەم، بەناوی (دیداری عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، پانێڵی: (ڕەخنە لە خوێندنەوەوە بۆ داهێنان)، بە بەشداریی (هاشم ئەحمەدزادە، د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ڕەشید فندی). ئەم پانێڵە لەلایەن (د. حەمە مەنتک) بەڕێوە بردرا.چالاکیی دووەم بە ناوی (دیداری ژیلا حوسێنی)، پانێڵی (چەند لایەنێک لە شیعری نوێی کوردی)، بە بەشداریی (شەهلا دەباغی، کەژاڵ هەداکار، موحسین ئاوارە). ئەم پانێڵە لەلایەن (مەهاباد قەرەداغی) بەڕێوە برا.شایانی باسە، کە ئەم یەکەم دیدارەی ئەدەبی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر/ بەشی چالاکیی وێژەیی، بەڕێوە چوو

**فۆتۆ: سەردار قادر**








ئالای وڵاتی نەرویج دەتوانرێت ئالای شەش وڵاتی دیکەی لێ دروست بکرێت!


# خواردنی شێڵم لەم وەرزەی ساڵدا بەسوودە

**ئا:توانا زرار**

شێلم، یەکێکە لەو خواردنانەی لەوەرزی زستان و سەرماو سۆڵدا خەڵکێکی زۆر حەز بەخواردنی دەکات..خواردنی شێلم جگە لە تام و چێژەمەی لەم وەرزەی ساڵدا سودێکی باشیشی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە. ئەم خواردنە دەوڵەمەندە بە (ڤیتامین سی، ڤیتامین ئی، ڕیبۆفلاڤین، فۆلیک ئەسید، ڤیتامین بی5، ڤیتامین بی 1، ڤیتامین بی2، ڤیتامین بی3، ڤیتامین بی6، مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم)بەرگری لەدڵ دەکات و دووری دەخاتەوە لەجەڵتەی دڵ بۆ گەشەی ئێسک بەسوودە و لە پووکانەوە دەیپارێزێت.

هەروەها شێلم، قۆڵۆن چالاک دەکات و گەڵای شێلم پاڵپشتی سیستەمی هەرس دەکات ڕێگری لە هەڵوەرینی قژەکات.لەهەمووش گرنگتر بۆ نەخۆشی شێرپەنجە و پارێزگاریکردن لەم نەخۆشیە سودبەخشە و،وزەبەخشەو ئارەزووی خواردن زیاد دەکات .ئەو کەسانەی تووشی کۆخە دەبن بە خواردنی شێلم لەم وەرزەدا هێور دەبنەوە و بۆ ئازاری گەروو بەسودە، هەروەها ئاوی شێلم گەروو نەرم دەکاتەوە و شەکرەی خوێن دادەبەزێنێت، بەڵام ئەوانەی شەکرەیان هەیە نابێت بیخۆن. خواردنەوەی ئاوی شێلم زیپکەی دەم وچاو لا دەبات بۆ گەڕانەوەی یادەوەری و بەهێزکردنی میشک بەسوودە ژنانی دووگیان و ئەو دایکانەی شیر دەدەن بە منداڵەکانیان، تادەتوانن بەردەوام شێلم بخۆن خۆراکێکی بەسوودە بۆ ئەو کەسانەی زوو تووڕە دەبن و بارگرژی دەروونییان هەیە ئەگەر شێلم وەک شەربەت ئامادە بکرێت و بخورێتەوە ئەوا سوودی هەیە بۆ پێست و دەبێتە هۆی نەرم کردنی توانای بینین زیاد دەکات چارەسەری ماندوویەتی دەکات.







# دوکان ..قەڵای پاشاکۆرە لە کاول بوون نزیک بۆتەوە

**بەرهەم شێخ عزەدین**

کوردستان دەوڵەمەندە لەشوێنەوارە میژوویەکان ،ئەوەی مایەی نیگەرانییە وەکو پێویست ئەم شوێنە میژووی و دێرینانە بایەخی پێنەدراوە و نەپارێزراون و زۆربەیان خەریکن لەناودەچن، هاوڵاتی (تالب ئەحمەد)کەخەڵکی گوندی سارتکەی سەربەقەزای دوکانە کەئەم گوندە دەکەوێتە سەرزێی دوکان و شوێنەوارێکی گرنگ و میژووی لێیە ئەویش (قەڵای پاشاکۆرەیە) لەمبارەیەوە بەخەباتی گوت: بەداخەوە ئەم شوێنەوارە جوان وگرنگە کەقەڵای پاشا کۆردیە لەگوندی سارتکە بەبەرچاوی بەرپرسانی شوێنەوار و ئیدارەی دوکان ولایەنە پەیوەندیدارکان ڕۆژ بەڕۆژ لە ناوناوچون نزیک دەبێتەوە .بێ ئەوەی ئاوڕێکی لێ بدەنەوە،بۆیە لەڕێگای ڕۆژنامەی خەباتەوە داواکارین بەزووترین کات ئەم شوێنەوارە میژوویییەگرنگە لەناوچوون رزگاربکەن و بایەخی پێبدەن و ببوژێندرێتەوە،کەپێمان وایە دەتوانرێت لەڕووی گەشتیاری و ئابووریش سودی لێ وەربگیرێت.